تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5845) چوارشەممە 9ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



3

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شابەندەر دۆخی عێراقیان تاوتوێ کرد

ئەمڕۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

سەرچاوەیەک لەئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە ئەمڕۆ چوارشەممە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، تەوەرەکانی کۆبوونەوەکەش بریتین لە: گفتوگۆ کردن دەربارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و سوریا و پێشهاتەکان و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و ئامادەکارییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ هەر ئەگەرو پێشهاتێک لەدەرئەنجامی گۆڕانکاری ناوچەکە ڕووبدات، بەتایبەتی هاتنی ئاوارەکان. هەروەها چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەک دانانی میکانیزمی پێویست بۆ زامنکردنی دەستەبەری کرێکاران و پێدانی پارەی بەشداریپێکانی کرێکاران.



سەرۆک بارزانی: لەگەڵ زۆر لایەن لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا تووشی کارەساتی تر نەبن

سەرۆک بارزانی دوێنێ سێشەممە لە تویتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر، نیگەرانیی خۆی لە دۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی و چەختی کردۆتەوە کە لەهەوڵداین بۆ ئەوەی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا تووشی کارەساتی تر نەبن.

دەقی تویتەکەی سەرۆک بارزانی:

ئێمە لەو دۆخەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە پێش، زۆر نیگەرانین. بەهەموو توانایەک لە هەوڵدایین و لەگەڵ زۆر لایەن لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوا تووشی کارەساتی تر نەبن.

لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هۆشداری دەداتە ڕاکان سەعید

لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت لە ئەنجامی کارەکانی پارێزگاری بەوەکالەت هەر شتێک بکەوێتەوە ئەو لێی بەرپرسیار دەبێت. لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕاگەیەنراوێکی سەبارەت بەوەی کە ناوی لێ ناوە ڕەفتار و کارەکانی ڕاکان سەعید جبوری بلاوکردەوە و بە پەراوێزخستنی کورد و ئەم پێکهاتەیە و گۆڕینی دیمۆگرافی تۆمەتباری دەکات.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

راگەیەندراوێک لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربارەی پەرەسەندنەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا

پێویستە ڕێگەچارەیەکی سیاسیی گشتگیر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە کە مافەکانی کورد پارێزراو بن

2

سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی:

ئێوە بە باشترین شێوە خزمەتی گەلەکەتان و باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەولێر . بەغدا دەکەن

ڕۆژی 7/ 10/ 2019 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە بەڕێز سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ لەبارەی چەند تەوەرێک کرا، وەک پەیوەندیی هەولێر و بەغدا و بارودۆخی کورد لە سوریا و کۆمپانیا ڕووسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

لاڤرۆف بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت: جەنابی سەرۆک،

بڕوام وایە، هەڵبژاردنتان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە دەسەلمێنێت ئێوە دەسەڵات و ناوبانگتان هەیە و بە باشترین شێوە خزمەتی گەلەکەتان و باشتربوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا دەکەن کە ئەم دواییانە بەرەوپێشەوە چوون. ئێمە پێشوازی لە دوایین پەرەسەندنەکانی عێراق و کوردستان دەکەین لە نێویاندا ئەو بایەخەی بە پەیوەندیی دۆستانەی نێوانمان دەدەین. ئەو گفتوگۆیەی ئەمڕۆ لێرە هەمانبووە، دەرخەری ئەوەیە کە ئاسۆی زۆر فراوان و بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانماندا هەیە.

ئێوە چەند جارێک سەردانی ڕووسیاتان کردوو، هاتوونەتە سان پیترسبۆرگ و مۆسکۆ، هەروەها لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین کۆبوونەتەوە. ئەو داوای لە من کرد پێتان ڕابگەیەنم کە یادەوەریی باشی لەگەڵ ئەو کۆبوونەوەیەدا هەیە و هیوای بەختێکی باشتان بۆ دەخوازێت لە کار و چالاکییەکانی ئێستاتاندا.

سوپاس بۆ ئەو بایەخە تایبەتەی داوتانە بە بەرژەوەندیی کۆمپانیا ڕووسییەکان و کارەکانیان کاتێک سەرۆکوەزیران بوون. پێموایە زۆر جێی بایەخە کە لێرە لەگەڵ هاوبەشە لۆکاڵییەکانیاندا کار دەکەن.

بەدڵنیاییەوە، ئێوە زەلیمخان موستێزۆف، هاوسەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانیی ڕووسی - کوردی دەناسن. بڕوامان وایە ئەمە بواریێکی زۆر گرنگی هاریکاریی نێوانمانە، هاوشان لەگەڵ کاری میتژوونووسان، کەسایەتییە دیارەکان و پەرلەمانتاران.



یەکیان گێڵە و ئەویتریشیان هەر ناناسم

سەلام عەبدوڵلا

فەرید ئەسەسەرد ڕاهاتووە ماوە ماوە شتێکی بێ بنەما فڕێ دەداتە ناو ڕاگەیاندنەکانی سەر بە حزبەکەی. ڕۆژی دووشەممە 7ی10ی2019 لە لاپەڕەی دووی کوردستانی نوێدا لە نووسینێکیدا نامەکەی تیلەرسۆن بە نامەی بەلفۆر دەشوبهێنێت و سەیرەکەیشی لەوەدایە بە عەمد بێ یان نا، هەندێ زانیاریی نادروستیشی لەبارەی ئەو بابەتە خستووەتەڕوو کە بە نامەی تیلەرسۆن ناسراوە.

بەر لە هەموو شتێک نامەکە، نامەی تیلەرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا یان نامەی ئەمەریکا نەبووە، هەروەک ئەسەسەرد باسی دەکات، نامەکە مسوەدەی نامەیەکی ئینشایی بێ مۆر و ئیمزا بووە کە بڕێت مەکگۆرک و فرانک بەیکەری سەفیری بەریتانیا و پاڤێل و چەند کەسێکی تر بەناوی تیلەرسۆن حازیریان کردبوو. لەو مسوەدەیەدا بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکرابوو کە ئەمەریکا پشتگیریی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکات، ئەگەر دانوساندنی هەرێم و بەغدا ئەنجامی نەبوو. لە مسوەدەی نامەکەدا باس لەوە کرابوو کە ئەگەر دانوساندن بە ئەنجام نەگەییشت، ئەوا ئەمەریکا ڕێز لە ئەنجامی ڕیفراندۆم دەگرێت. سەرۆک بارزانی داوای کرد وشەی ڕێز بگۆڕن بۆ پشتگیری، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون ئەم یەک وشەیە بگۆڕن. هەموو لایەکیش ئاگادارن کە دوای چەند مانگ سەرۆکی ئەمەریکا تیلەرسۆنی بە کابرایەکی گێل لە قەڵەمدا و لای دا و دواتر ڕاشیگەیاند کەسێک بەناوی مەکگۆرگ هەر ناناسم.

پرسیاری جەوهەری لە ئەسەسەرد ئەوەیە چۆن کەسێکی گێل یەکسان دەکات بە بەلفۆر و چۆن دەکرا چارەنووسی میللەتێک بدرێتە دەست ڕەشنووسی نامەیەک کە کەسێکی نەناس بەناوی کەسێکی گێل ئامادەی کردووە؟

ئەم برادەرە کە خۆیشی بە فەیلەسوفی ئاخیرزەمان دەزانێ، ئەگەر مەبەستی ئەوەیە کە خیانەتەکەی شازدەی ئۆکتۆبەر بشارنەوە و پاساوی بۆ بێتنەوە، ئەوە با دڵنیا بێ ئەم خیانەتە گەورەیە بە ئەو و سەدانی وەک ئەو ناشاردرێتەوە. خۆ دەشزانین ئەگەر هاتبا و سەرۆک بارزانی بە ڕەشنووسی نامەکەی ئەو جەماعەتە قایل با هەر کەسی وەک فەرید ئێستا قسەیەکی تری دەکرد و دەیگوت نەدەبوا بارزانی ئەمە قبوڵ بکات.. چۆن چارەنووسی میللەتێک بە ڕەشنووسی نامەی کەسێکی گێل پەیوەست کراوە و دەبوایە ڕیفراندۆمان کردبا.

سەرچاوەی هەموو ئەو تەرزە نووسینانە ئەو حقدە بێ مانایەیە کە کەسانی وەک فەرید ئەسەسەرد لەسەری گۆش کراون. چارەسەر ئەوەیە بەخۆیاندا بچنەوە و واز لە ڕق و کینە بهێنن و شتەکان وەک خۆیان ببینن و وانە لە هەڵەکانیان وەربگرن.

بەمزووانە پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە

سەعدی پیرە: دەبێ هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەت هەبێت

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبنەوە و سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی دەڵێت، دوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی، کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوە دەچێت. سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پارتی و یەکێتی کۆبنەوە، دوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتیش، کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی لەنێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتیشیەتی: ڕەوشی حکوومەت و ئەو پرسانەی. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دوو سیناتۆری ئەمەریکی: بەجێهێشتنی کورد لە سووریا خیانەتێکە باجی قورسی بەدوادادێت

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

راگەیەندراوێک لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربارەی پەرەسەندنەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا

پێویستە رێگەچارەیەکی سیاسیی گشتگیر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە کە مافەکانی کورد پارێزراو بن

چاودێرێکی سیاسی: سەرۆک بارزانی هەمیشە هەوڵیداوە کوردانی رۆژئاوا مافەکانیان بەدەست بهێنن

سەردانی سێرگێی لاڤرۆڤ بۆ هەرێمی کوردستان پەیامێکی گرنگە بۆ جیهان



شارەزایان دەڵێن، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد زۆر ورد پەرە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەدات و پارێزگاری لە سەنگ و قورساییی خۆی لەسەر ئاستی وڵاتانی زلهێز دەکات، پێوەندییەکانیشی بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونەدانی شەڕ و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کورد.

مینا سامی، شارەزا و چاودێری سیاسی دەڵێ: لە سیاسەتدا هەتا بتوانیت پێویستە پێوەندییەکانت لەسەر ئاستی وڵاتان و هەرێمەکان فراوان بکەیت و هەوڵ بدەیت دوژمنت کەم بێت. ئێستا کە باس دەکرێت هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر چەک و پارەدا شەڕی داعشی کردووە، ئەوە قسەیەکی هەڵەیە دەربارەی پێوەندییەکانی هەرێم و وڵاتان، وا نییە، کورد لە پێشدا شەڕی بۆ خۆی کردووە و هەرێمەکەی خۆی پاراستووە، لە شەڕدا دەبێت پێش ئەوەی دوژمن بێتە وڵاتەکەتەوە کۆتاییی پێ بێنیت، ئینجا شەڕی بۆ جیهان و مرۆڤایەتی کردووە، ئەوە ژیرانەیە کە کورد بە هەرێمێکەوە بتوانێت سوود لە پارە و چەکەی وڵاتانی زلهێز ببینێت و شەڕی دوژمنەکەی پێ بکات.

لەبارەی سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕووسیاوە بۆ هەرێمی کوردستان و دیداری لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، مینا گوتیشی: ئەوە هەڵەیە کە دەگوترێت کورد هەموو هێلەکەکانی خستووەتە سەبەتەی تورکیاوە، نەخێر هەرێمی کوردستان سەر بە هیچ وڵاتێک نییە و توانیویەتی سیاسەتی هاوسەنگ لەگەڵ گەورە وڵاتانی جیهان ڕابگرێت، پێگەی خۆی پاراستووە و پشتیوانی چەندان وڵاتی زلهێزی وەک فەرەنسا و ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ڕووسیای بەدەستهێناوە و پێوەندییەکانی بەردەوام فراوان کردووە. مینا سامی ڕوونی کردەوە: هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و بەکارهێنانی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتان، قورسایی و بەهێزیی بەرێزیان دەردەخات، هەمیشەش سەرۆک بارزانی هەوڵی داوە بڕیارنامان لە ڕۆژئاوا زیاترین مافی کورد بەدەست بێنن.

مەشخەڵ کەوڵۆسی ئاماژە بەوە دەکات: هاتنی سێرگێی لاڤرۆڤ بۆ کوردستان پەیامێکی گرنگە بۆ هەموو جیهان، کە ڕاستە هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام هەرێمێکی دەستوورییە و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمەوە دەتوانن پێوەندی لەگەڵ تەواوی کوردانی هەر چوارپارچە بکەن، وەکو نمایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەماشا دەکرێت، گرنگیی سیاسی و نەتەوەیی هەیە، ئیدی پێویستە کوردانی ڕۆژئاوا و پەکەکە لەو ڕاستییە تێ بگەن، کە هەرێم لە جیهاندا تاکە یاریکەری کورە، چۆن ئێستا هەرێمی کوردستان پێوەندییەکانی بەکار دەهێنێت بۆ پاراستی کیانی کوردی لە ڕۆژئاوا، ئاوها ئەوانیش پشتیوانیی هەرێمی کوردستان بکەن".



حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانی زۆری خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی ئارامی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ئەو ڕاپۆرتانەی باس لە ئەگەری هێرشی تاکلایەنەی تورکیا بۆ ئەو ناوچەیە دەکەن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە تورکیا دەکات وەک ئەندامێکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژ بە تیرۆر، هیچ هەنگاوێک نەهاوێژێت کاریگەری نەرێنی لەو پێشکەوتنە بکات کە لە شەڕی دژی داعش بەدیهاتووە و مەترسی لە کۆنترۆڵ دەرچوونی چەکدارە تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان هەبێت.

دەرئەنجامەکانی هەر گرژبوون و پێشهاتێکی سەربازی، کاریگەری بۆ دەرەوەی سنووری سووریاش دەبێت و لەوانەیە دۆخێک دروست بکات ببێتە هۆی گەڕانەوەی داعش و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک. بۆیە زۆر پێویستە هەموو لایەنەکانی کێشەکە، بە هێزە کوردییەکانیشەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆ و دایەلۆگەوە دۆخەکە هێور بکەنەوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە، پێویستە کێشەکان ڕێگەچارەیەکی سیاسی گشتگیریان بۆ بدۆزرێتەوە کە مافەکانی هەموو هاوواڵاتییانی سووریا و لە نێویشیاندا کورد پارێزراو بن.

هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش قوربانییەکی زۆری داوە و ئێستاش میوانداری ملیۆنێک و سەد هەزار ئاوارە و دەربەدەر دەکات کە زۆربەیان لە دەست ئەو قەیرانەوە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە. ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە ڕێگا لە دروستبوونی لێشاوێکی دیکەی ئاوارەبوون بگرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بەردەوام لە نزیکەوە چاودێری دۆخەکە دەکات، لە ڕێگەی چەندین کەناڵیشەوە کار لەسەر ئەو پرسە دەکات.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/10/8

بەمزووانە پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە


سەعدی پیرە: دەبێ هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەت هەبێت

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆببنەوە و سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی دەڵێت، دوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی، کۆبوونەوەی سێقۆڵیی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەڕێوە دەچێت.

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پارتی و یەکێتی کۆببنەوە، دوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتیش، کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی لەنێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتیشییەتی: ڕەوشی حکوومەت و ئەو پرسانەی تا ئێستا ماون و لە ماوەکانی ڕابردوودا ساردییەک کەوتە نێوان پارتی و یەکێتی، پێویستە ئەو بابەتانە قسەیان لەسەر بکرێت و کۆتایی بەو پرسانەی ساردییان خستووەتە نێوان پارتی و یەکێتی بێت. سەعدی پیرە دەشڵێت: هەنگاوێکی هاوبەش هەیە بۆ پشتیوانیکردنی حکوومەت و ڕێکخستنەوەی کارەکانیان، دەشبێت هەڵوێستی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی بە هەموومان پشتیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بین. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ئەگەر یەکێتی بیەوێ لە حکوومەت بکشێتەوە، خۆی قسە دەکات، ئەو زانیارییانەی لە هەندێ شوێن و سۆشیاڵمیدیا لەبارەی کێشانەوەی یەکێتی بڵاودەکرێنەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتییەوە و نییە و کشانەوەی یەکێتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بنەمایەکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە.

دوو سیناتۆری ئەمەریکی: بەجێهێشتنی کورد لە سووریا خیانەتێکە باجی قورسی بەدوادادێت

بڕیارەکەی ترەمپ متمانەی هاوپەیمانان بە ئەمەریکا ناهێڵێت



ڕووداو/ دوو سیناتۆری ئەمەریکی ڕاگەیێنەڕاوێکیان بڵاوکردووەتەوە، تێیدا پەیامێک ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا دەکەن و دەڵێن، بەجێهێشتنی کورد لە باکووری سووریا خیانەتێکە باجێکی قورسی مرۆیی بەدواوە دێت و زیان بە ئاسایشی نیشتمانی دەگەیێنێت.

سیناتۆر میت ڕۆمنی و کریس مورفی لە ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشدا هەموو لایەنەکەکان ئاگادارەدەکەنەوە کە "دوای پشتگیریکردنی کورد بۆ تێکشاندنی داعش و پەیمانی پاراستنی کورد لە تورکیا، ئێستا ئەمەریکا دەرگای لەناوچوونی کوردی کردووەتەوە". ڕاگەیێندراوەکەی ئەو دوو سیناتۆرە کە یەکێکیان (میت ڕۆمنی) سەرۆکی لیژنەی دەرەوەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئاماژە بەوە دەکات، ئەو بڕیارە "متمانەی هاوپەیمانان بە ئەمەریکا ناهێڵێت و بۆشاییێکی گەورەش لە ناوچەکە دروستدەکات کە داعش سوودی لێدەبینێت". بە گوتەی ئەو دوو سیناتۆرە، لەکاتێکدا 15 هەزار چەکداری داعش ماون و هەزارانیان لە گرتووخانەکانی ژێر دەستی کوردەکانن، هێشتا دۆخی ئاسایشی ناوچەکە لەژێر هەڕەشەدایە.

لەبارەی ئەگەری هێرشەکانی تورکیا و داهاتووی ناوچەکە، میت ڕۆمنی و کریس مورفی ئاماژە بەوە دەکەن، هێرشی تورکیا دۆخەکە ئاڵۆزتردەکات و مەترسی پەرش و بڵاوبوونی داعشە زیندانیکراوەکانی لێدەکرێت.

ئومێد خۆشناو: هەفتەی داهاتوو بۆچوونی لایەنەکان لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی وەردەگیرێت



حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە لایەنە سیاسییەکان کردووە لە ماوەی هەفتەیەکدا، سەرجەم تێبینی و پێشنیازەکانیان لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ حکوومەت بگەڕێننەوە.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە لایەنە سیاسییەکان و وەزیرەکان کردووە، لە ماوەی هەفتەیەکدا تێبینی و پێشنیازی خۆیان لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی بنێرن. ڕوونیشی کردەوە، بڕیارە لە ناوەڕاستی هەفتەی داهاتوودا لایەنەکان پێشنیاز و تێبینییەکانیان بۆ حکوومەت بنێرنەوە. خۆشناو جەختی لەوەش کردەوە کە هەوڵەکان بۆ ئەوەیە لە نزیکترین کاتدا پرۆژەکە بنێردرێتە پەرلەمان و پەسەند بکرێت. پێشتر شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، وتبوی دەربڕینی پشتیوانی بۆ پرۆژە یاساکە، ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی ئەم پرۆژەیاسایەوە بڕە پارەیەکی زۆر بۆ خەزێنەی گشتی دەگەڕێتەوە.

ڕۆژی دووشەممە 7ی 10ی 2019 لە یەکەمین کۆبوونەوەی حکوومەت و پەرلەمان بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی، مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە گرنگی ئەنجامدانی چاکسازی کرد کە تەوەرێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە خواست و ئیرادەمان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زۆر بەهێزە و بە هاوکاریی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی دەدەین. جەختیشی کردەوە کە ئامانجی چاکسازی، بەدیهێنانی دادپەروەری و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانە و پڕۆسەی چاکسازیش دەبێت لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی و زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت.

دۆنالد ترەمپ: پشت لە کورد ناکەین کە خەڵکێکی تایبەتن و جەنگاوەرێکی زۆرباشن

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردییەکانی سووریا دەڵێت: بەبێ هیچ هۆکارێک ئاکامی خراپی دەبێت بۆ سەر ئابووری تورکیا. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، دوێنێ سێشەممە 2019/10/8 دۆنالد ترەمپ، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕاگەیاند: ڕەنگە لە پرۆسەی جێهێشتنی سووریادا بین، بەڵام بە هەرحاڵ پشت لە کورد ناکەین کە خەڵکێکی تایبەتن و جەنگاوەرێکی زۆرباشن. بە هەمان شێوە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیادا کە هاوبەشێکی ناتۆ و بازرگانی بووە، زۆر باش بووە. تورکیا بۆ خۆی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کوردی هەیە و باش دەزانێت تەنیا 50 سەربازمان لەو بەشەی سووریادا هەبووە و لەوێ لابراون، هەرچ شەڕێکی بەبێ هۆکار و ناپێویست لەلایەن تورکیاوە بۆ ئابووریەکەی وێرانکەر دەبێت کە لە ئێستادا پارە بێ بەهاکەی شکاوە. ئێمە یارمەتی کورد دەدەین بە پارە و چەک. تەرمپ پاش ئەوەی بڕیاری کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکای لەسەر سنووری تورکیا و سووریا دا، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێس لە هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات. ژمارەیەک لە سیناتۆرەکانیش بڕیارەکەیان بە هەڵەیەکی گەورە ناوبرد.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شابەندەر دۆخی عێراقیان تاوتوێ کرد



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز عزەت شابەندەر سیاسەتمەداری عێراقی، خۆپیشاندانەکان و دواینێ پێشهاتە ئەمنییەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و هەوڵەکان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی تووندوتیژییان تاوتوێ کرد.
لە دیدارێکدا دوێنێ سێشەممە 2019/10/8 لە هەولێر، پێشبینییەکان بۆ پرۆسەی سیاسی لە ئێستا و داهاتووی عێراقدا، چەند پرسێکی دیکە دەربارەی هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و پێشهاتەکان لە سووریا و دۆخی ناوچەکە بەگشتی خرانە بەر باس.

د. ڤیان سەبری: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕێککەوتنی کۆنکرێتی لەگەڵ بەغدا دەکرێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند: پرسی نەوت و بودجە پێویستی بە ڕێککەوتنە و ئەوانیش لە بەغدا پێشوازی لە هەر ڕێککەوتنێکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەمبارەیەوە دەکەن و پشتیوانیشی لێ دەکەن. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە گفتوگۆکانداپێشکەوتن هەیە و گەیشتوونەتە چارەسەر. ڤیان سەبری جەختی کردەوە: لەوماوەیە ڕێککەوتنی کۆنکرێتی لە نێوان هەولێر و بەغدا واژۆ دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەم ماوەیەدا چەندان شاند لەنێوان هەولێر و بەغدا هاتن و چوون و بڕیاریشە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بن.

لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هۆشداری دەداتە ڕاکان سەعید

ئێمە بەرپرسیارێتی تێکچوونی بارودۆخەکە دەخەینە ئەستۆی ڕاکان سەعید و تاقمەکەی

لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت لە ئەنجامی کارەکانی پارێزگاری بەوەکالەت هەر شتێک بکەوێتەوە ئەو لێی بەرپرسیار دەبێت.
لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕاگەیەنراوێکی سەبارەت بەوەی کە ناوی لێ ناوە ڕەفتار و کارەکانی ڕاکان سەعید جبووری بڵاوکردەوە و بە پەراوێزخستنی کورد و ئەم پێکهاتەیە و گۆڕینی دیمۆگرافی تۆمەتباری دەکات.
ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاگەیەنراوەکەی لیستی برایەتییە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:
ئێمەی ئەندامانی لیستی برایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە تووندی ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین لەسەر ڕەفتاری تاکڕەوانەی (بەڕێز ڕاکان سەعید) پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت کە هەموو کار و ڕەفتاری دژ بە کوردی کەرکووکە بەگشتی و بەتایبەتی گوندنشینەکان، هەر جارەی بە بڕوبیانوویەک.
جارێک هانی عەرەب ئەدات بۆ گەڕانەوە بۆ ناو شاری کەرکووک بە مەبەستی تەعریب کردن، جارێک گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ گوندەکانی سەر بە داقوق، دبس، سەرگەڕان، لەیلان، بە مەبەستی گۆڕینی باری دیموگرافیی پارێزگاکە، جارێکی تر وەرگرتنەوەی پۆستە کارگێڕییەکانی کورد لە فەرمانگە گشتییەکان و دیوانی پارێزگا بەناوی تەوازنەوە.
لە ڕێککەوتی 2019/10/1 بێ گوێدانە ڕاوبۆچوونی کورد و داواکارییەکانی لیستی برایەتی کۆنسوسێکی مۆرکردووە لەسەر دوورخستنەوەی بەرپرسە کوردەکان کە لێپرسراوی بەشەکان و شوعبەکانی دیوانی پارێزگای کەرکووکن، ئەمەش بەهاوکاری چەند ئەندامێک لە عەرەب و تورکمانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک.
ئەم جۆرە ڕەفتارانەی پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت دژی یاسا و دەستوور و تەوافوقاتی سیاسی و پێکەوەژیانی نەتەوەکانە، دوورخستنەوەی کورد لەپارێزگای کەرکووک دەچێتە خانەی دەمارگیری و بیرکردنەوەی تەسک و بەعەقڵییەتێکی شۆڤینی دەبێتە هۆی تێکدانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
وا بۆ ماوەی 15 ساڵ زیاترە ئێمەی کورد سیاسەتی برایەتی و پێکەوەژیان پەیڕەو دەکەین لەگەڵ هەموو نەتەوەکان، بەڵام بەداخەوە ڕەفتارەکانی ئەمدواییەی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگاری بەوەکالەت بەرەو پشێوی و ململانێی نێوان نەتەوەکان دەمانبات، دەبوو پارێزگار بەوەکالەت هەوڵی هێنانی کایەی دەرفەتی هەڵی کار و دامەزراندنی گەنجان و پڕۆژەی ستراتیژی بۆ خزمەتگوزاری و نەهێشتنی بێکاری لە پارێزگاکە بدابا، نەوەک سیاسەتی قۆرخکاری لە بەرپێوەبردنی دامەزراوەکانی پارێزگا پەیڕەو بکات، بۆیە ئێمە بەرپرسیارێتی تێکچوونی بارودۆخەکە ئەخەینە ئەستۆی بەڕێز ڕاکان سەعید و تاقمەکەی.
بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە و بەبیرهێنانەوەی، چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لیستی برایەتی کەرکووک نامەیەکی ئاڕاستەی کرد و تێیدا ئایاسایی بوونی کارەکانی خستەڕوو کە زۆرینەی دژ بە کورد و لای ئێمە جێگەی قبووڵ نییە، پێویستە بەزووترین کات ڕابیگرێت، و یەکێک لەو خاڵانەی کە باسمان لێوەکرد خزمەتگوزاریی ناوچە کوردنشینەکانە.
بە واژووی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و بە مەرج ڕەزامەندیان لەسەر پڕۆژەکانی بودجەی 2019ی پارێزگای کەرکووک دەربڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاری لەو ناوچانە ئەنجام نەدراوە





پارێزگاری کەرکووک کار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی دەکات و کارەکانی جێی قبووڵکردن نین

مەحمود عوسمان: ڕووسیا گرنگیی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەدات

سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ، بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت، بووە جێی بایەخی میدیا و ناوەندە سیاسییەکان، سیاسەتمەدارێکی کوردیش دەڵێت، ڕووسیا هەرێمی کوردستانی بەلاوە زۆر گرنگە و دەیەوێت بایەخی زیاتری پێ بدات و پەیوەندییەکان باشترین و هەرێمی کوردستان و بەغدا بەهێز بکات.
مەحمود عوسمان، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: هاتنی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ هەرێمی کوردستان، گرنگیی خۆی هەیە و هاتووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان باشتر بێت و ئەو پەیوەندییەشیان زۆر لا گرنگە و دەمێکە سەردانی عێراقیان نەکردووە و پەیوەندییان لەگەڵ کورد زۆر باشە.



د. مەحمود عوسمان گوتیشی: وەزیری دەرەوەی ڕووسیا جەختی لەوە کردووەتەوە، کە هەرێمی کوردستان و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبێت، ڕووسیا چەندین کۆمپانیای لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە لایان گرنگە پەیوەندییان زۆر باش بێت بە تایبەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەمە وا دەکات ئەو پەیوەندیانەی هەن، زیاتر پێشبخرێن. ئەو سیاسەتمەدارە باسی لەوەشکردووە، ڕووسیا گرنگیی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەدات و پێیان خۆشە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕێککەوتن، بۆ ئەوەی سەقامگیری هەبێت لە هەموو عێراق و هاوکاریی یەکتری بکەن. ناوبراو ڕاشیگەیاند، هەر سەرکردە و بەرپرسێک سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆدەبێتەوە، چونکە لە هەموو کەسایەتییەکان گرنگترە.

ئەحمەد سەفار: بودجەی 2020ی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئاستی کورتهێنانیش بەرز دەبێتەوە

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەحمەد سەفار، ڕایەگەیەنێت: خۆپێشاندانەکانی عێراق وایان کرد حکوومەتی عێراق کۆمەڵێک بڕیار دەربکات، کە بێگومان ئەو بڕیارانەش زۆربەیان پەیوەست بە ئابووری بوون، بۆیە بودجەی 2020 گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئاستی کورتهێنان بەرز دەبێتەوە.
ئەحمەد سەفار، بۆ مالپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: ئەو بڕیارانەی حکوومەتی عێراق دەریکردوون لە بەرانبەر خۆپێشاندەران، ئاستی خەرجییەکانی عێراق بەرز دەکاتەوە، چونکە زۆربەیان پەیوەست بوون بە پارە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە، بۆیە بودجەی 2020 بودجەیەکی جیاواز دەبێت و ئاستی کورتهێنانی زیاتر دەبێت لەوەی پێشتر حکوومەتی عێراق پێشبینی کردبوو یاخود نووسیبوویەوە. سەفار ئاماژەی بەوەشدا: کورتهێنانی بوودجە قابیلی چارەسەرکردنە، بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و خەرجکردنی نەسریەی وەزارەتەکان بۆ ئموونە کە ئێستا مانگی 10یە، تا ئێستا وەزارەتەکانی عێراق 40 لەسەدی نەسریە و پارەی پڕۆژەکانیان خەرج کردووە، بۆیە دەکرێت ساڵی داهاتوو حکوومەتی عێراق بۆ پرکردنەوەی کورتهێنانی بودجە سوود لە پارەی نەسریەی وەزارەتەکان وەربگرێت.

د. دیندار زێباری: پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکی لە ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعشدا هەبووە

کۆمیسیۆنی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان ستایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، د. دیندار زێباری ڕایگەیاندووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەبووە لە ئازادکردنی ناوچەکانی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەییەکان لە دەستی تیرۆریستانی داعش و لەم پێناوەشدا سەدان پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.

پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام یەکێک بووە کە لەلایەن ڕێکخراوە بیانییەکان، کۆمیسیونی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان (USCIRF) سالانە ڕاپۆرتی خۆی لەمبارەیەوە بڵاو دەکاتەوە، لە دوایین ڕاپۆرتیدا کۆمیسیونی ناوبراو تیشکی خستووەتە سەر پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و بە شێوەیەکی ئەرێنی باس لە ڕۆڵ و چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم دەکات لە پێشوازیکردن لە ڕاگوێزراوان و وەک پەناگەیەکی ئارام بۆ ڕاگوێزراوان لە پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکان وەسفی دەکات، هەروەها ستایشی حکوومەتی هەرێمی کردووە لە دروستکردنی کڵێسا و مەزارگە و قوتابخانەی تایبەت بە کەمایەتییەکان.

لەمبارەیەوە، د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێم پێشوازی لە دوایین ڕاپۆرتی سالانەی کۆمیسیونی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئاینییەکان (USCIRF) دەکات، چونکە دوای هێرشی تیرۆریستەکان داعش ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەک کریستیان، ئێزیدی، کاکەیی و شەبەک تێیدا نیشتەجێن کرایە ئامانجی سەرەکی، بە سەدان هەزار هاوواڵاتی دانیشتووی ئەم ناوچانە ئاوارە بوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبێ جیاوازی بەرگری لەو ئاوارانە کرد و ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەبوو لە ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە و لەم پێناوەدا گیانی سەدان پێشمەرگە بوونە قوربانی، ئەمەش نیشانەی بەهێزی و پتەویی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمە بەبێ جیاوازی، هەروەها سەدان سالە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەژین و مافەکانیان پارێزراوە و وەک گشت دانیشتوانی هەرێم ئەرک و مافەکانیان دیاریکراوە، تەنانەت لە زۆر ڕووەوە ئایین و نەتەوە و مەزهەبیشیان لە بەرچاو گیراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر بەشداریی پێکهاتەکان لە کایەکانی پاراستن و گرنگیدانی هەرێمی کوردستانە بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، لەم ڕووەوە بەردەوام لە کابینەکانی حکوومەتی هەرێم پێکهاتەکان بوونیان هەبووە، تەنانەت لە کابینەی نۆیەمی حکوومەت دوو کەس لە کریستیان و تورکمان پۆستی وەزیریان پێسپێردراوە، هەروەها لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ئافرەتێک لە پێکهاتەی تورکمان سکرتێری پەرلەمانە، ئەمەش نیشانەی گرنگیدانی حکوومەتی هەرێم و بەشداریپێکردنیانە لە ژیانی سیاسیدا.



د. دیندار زێباری

دیندار زێباری گوتشی: چەندین یاسا کاریان پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ نموونە: یاسای ژمارە 47ی سالی 1992 تایبەت بە پشووی فەرمی پێکهاتە ئایینی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و گوتیشی: لە ڕووی سیاسییەوە لە سالی 2005 ژمارەی کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە ٥ کورسییەوە زیاد کرا بۆ 11 کورسی کە 5 کورسی بۆ تورکمان و 5 کورسی بۆ کلدان، ئاشووری و سریان و 1 کورسیش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن، ئەمەش نیشانەی قوتابیانی پێکهاتەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بەبێ جیاوازی وەردەگیرێن، و ڕێگا بە سەدان قوتابیی ئاوارە و پەنابەر دراوە کە دریژە بە خوێندن بدەن، زانکۆی کاسۆلیکیش کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزراوە و تێیدا قوتابییان فەلسەفەی لاهوت دەخوێنن، هەروەها لە سالی 2006ـەوە پەیمانگای شەمعوون سەفا گواستراوەتە هەولێر و ئێستاش بەردەوامە.

سەبارەت بە ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکانی ژێردەستی داعش زێباری ڕوونی کردەوە، نووسینگەی تایبەتی جەنابی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو لیژنەی دامەزراندووە بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدییە ڕفێندراوەکان و لیژنەی بەجێنۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، کارەکانی ئەم دوو لیژنەیە بەردەوامە و لەم ڕووەوە هەزاران ڕفێندراو ئازادکراون، لەلایەکی دیکەوە بە سەدان دۆسیە ئامادە کراون بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان و بڕیاروایە ژمارەیەک گۆڕ بە هاوکاری لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ئێتیحادی هەڵ بدرێنەوە. بە هەوڵ و کۆششەکانی حکوومەت تاکو ڕۆژی 2019/9/8 ژمارەیەکی زۆریان ڕزگارکران، بەمشێوەیە: 3515 کەس لەوانە 1192 ئافرەت و 339 پیاو، 1036 منداڵ کچ و 935منداڵی کوڕ، لەلایەکی دیکەوە لە دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە لە دەست تیرۆریستانی داعش 71 گۆڕی بەکۆمەڵ و دەیان گۆڕی تاک لەو ناوچانە دۆزراوەنەتەوە، کە لە دەست داعش ڕزگارکراون، بەشی هەرەزۆری قوربانییەکانی کوردانی ئێزدی بوون.

فەڕەنسا: کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا ڕێکخراوی داعش بەهێز دەکات



وەزیری بەرگریی فەڕەنسا ئاماژەی بەوەدا فەڕەنسا لە نزیکەوە لەگەڵ ئەمەریکادا چاودێری باکووری سووریا و ئەگەری هێرشی تورکیا دەکات بۆ سەر ئەو ناوچانە، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕێکخراوی داعش.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، وەزیری بەرگری فەڕەنسا فلۆرێنس پارلی گوتوویەتی: دەبێت زۆر وریا بین، چونکە لەمجۆرە جوڵانە کە لەگەڵ ئامانجەکانی هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدا ناگونجێن، لەوانەیە ببنە هۆی بەهێزبوونی ڕێکخراوەکە لە جیاتی ئەوەی بێهێزی بکەن یاخود لەناوی ببەن. جێی ئاماژەیە لە ماوەی ڕابردوودا ئەمەریکا دەستی کرد بە کشانەوەی هێزەکانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ئەمەش ڕێگە بۆ تورکیا خۆش دەکات تا هێرش بکاتە سەر هێزەکانی سووریای دیموکرات کە لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیان لێ دەکرێت.

دوو کۆڵبەری دیکە لە سەردەشت بوونە قوربانی


هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری سەردەشت کۆڵبەرێکیان کوشتووە و یەکێکی دیکەشیان بریندار کردووە. ئەرسەلان یار ئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆ خەبات ڕایگەیاند: دوێنێ سێشەممە 8ی10ی2019 هێزە چەکدارەکانی ئێران لە گوندی سوورەگوێزی سەر بە سەردەشت، تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە. لە ئەنجامی دەستڕێژی هێزە ئەمنییەکانی ئێران، کۆڵبەرێک بەناوی ئازاد، خەڵکی گوندی میر شێخ حەیدەر گیانی لەدەستداوە. هاوکات ڕاپۆرتەکان باس لە بریندارببوونی دوو کۆڵبەر دەکەن تاکو ئێستا تەنیا ناوی یەکێکیان بەناوی موحسین پشتڕاستکراوتەوە.



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/10/9 ژمارە (5845)
خەبات



لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە...



شەنگە هاوارکاکەیی

سالیادی لە دایکبوونی غاندی کە رۆژی ناتوندوتیژییە، لەم ڕێککەوتەدا و لە 2ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە تێکڕای جیهان هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕدرێت و رۆژەکە بەرز دەنرخێندرێت، بەڵام ئەمساڵ ئەم رۆژە لە پایتەختی عێراق بە رۆژێکی خوێناوی پڕ لە توندوتیژی بەڕێکرا، دیارە شکستی دیموکراسییەت لە گەمەی سیاسیی ناوچەکەدا زۆر بەداخەوە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵێک شەهید و بریندارێتەوە، ئەمە دەنگەوتەوە، ئەم دەنگە زۆڵاڵانەی خۆپیشاندەران دوو پەیامی شاراوەی لە یەک تەوژم لەخۆگرتووە، یەکیان ئەقلیمیە و دووەمیشیان لۆکاڵییە بە تەعبیئەیەکی جەماوەری، بەڵام لە تەوژمی یەک ئامانج کە پڕ بە دەنگ هاوار دەکەن، نرید وەتەن، واتا نیشتمانمان گەرەکە، بەواتا کێشە و داواکاریەکانیان لە چوارچێوەی نیشتمانێکی ئازاددا دەخولێتەوە، تەنیا بۆ دانەمەزراندن و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری نییە و لە پاڵ ئەم نەهامەتییانە بێ نیشتمانیشیان مەبەستە.

لێرەدا پەیامی سەرشەقام بە روونی دیارە کە ئەم پارتە عێراقییانەی کە لە حوکمداریتی مەحکومیەت رۆڵ دەگێڕن، نۆکەری بێگانەیان لا قبوولە، بەو پێیەی تا ئێستا عێراق سوپایەکی نیزامی رێکوپێکی نییە و میلیشیاتی حەشدی شەعبیش لە ناوچەکەدا روو لە هەڵکشاندایە و رۆژانەش نفوزیان بەهێزتر دەردەکەوێت لە جاران.

لێرەدا پاش خوێندنەوەی ئاراستەی خۆپیشاندەران ئێمەی کورد سەرسوڕمانی ناتێگەیشتن لە دروشمی نا بۆ ریفراندۆم و دڵداری بەشێک لە پارتە کوردییەکان بۆ حکوومەتی بەغدا نامێنێ، کە چەند میانەی بەرژەوەندی کەسێتییەکانی خۆیان راگرتووە! ئەمە لەکاتێکدا میللەتی کورد تینووی دەوڵەتی کوردییە و لە بینا ئەم سەرحە کوردییەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کە پارتی دایکە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی لە هەوڵی بەجێهێنانی نەخشەڕێگای سەربەخۆییە، ئەوانەش تاکەڕەوانە، چۆن لە تاریکیدا قۆڵ و باسکیان هەڵگرتووە بۆ نووسینی دروشمی نا بۆ ریفراندۆم. وەکو ئەو پەندە کوردییەی دەڵێت ئاش لە خەیاڵ و ئاشەوانیش لە خەیاڵێکی تر. ئەوە کات تێپەڕی و ماسکی وەلای کۆیرانە بۆ دەوڵەتی دراوسێتان کەوتەخوارەوە، ئەوە شەقامی کوردی نییە، ئەوە شەقامی بەغدایە و جەماوەری راستەقینەی عێراقە پڕ بە دەنگ هاوار دەکات با ئەوانەی بێگانەپەرستی دەکەن بارکەن و بڕۆن، ئەو چاڵەی بۆ ریفراندۆمیان هەڵکەنی وا خۆتان دەکەونە ناوی.

پرسەو سەرەخۆشی

بەڕێزان
بنەماڵە و خانەوادەی خوالێخۆشبوو (پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی رسول)
برای بەڕێز و ئازیز کاک فاروق مصطفی رسول

بە داخ و ئەسەفێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مام و مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستمان (پرۆفیسۆر عزالدین مصطفی رسول) مان پێگەیشت ..

کۆچی دوایی (کاکە عزالدین) ی مرۆڤ و روناکبیر و ئەدیب و نیشتیمانپەروەر خەسارەتێکی گەورەیە نە تەنها بۆ بنەماڵە بەڕێزو تێکۆشەرەکەی، بەڵکو بۆ سەرجەم وڵات و نەتەوەکەی ، کەسایەتییەک بوو لەو جۆرانەی پاش کۆچکردنیان جێگەیان لەهەموو کۆڕ و بۆنەیەکدا دیارە و هەرگیز قەرەبۆ نابنەوە ، بەڵام هەمیشەش هەتا هەتایە وەک ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدار لە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و خەمخۆری وڵات ئەدەوشێنەوە و دەبنە یەکێک لەو سومبلە پیرۆزانەی لە یاد ناچن و میللەتێک شانازییان پێوە دەکات .

پرۆفیسۆر (عزالدین مصطفی رسول) یەکێکە لەو شۆڕە سوارە جوامێرە نیشتیمانپەروەرانەی هەموو بەهرە و تەمەنیان بۆیرانە بۆ خزمەتکردنی نەتەوەیان تەرخان کردووە و مەراقی خزمەتکردنی ئەدەب و کلتوور و زمانی نەتەوەکەی و پێشخستنی ئاستی رۆشنبیری و فامی نیشتیمانپەروەریی کۆمەڵگەی کوردەواریان وەک مەسەلەیەکی مەبەدئی مەراقی گەورەی هەمور ژیانی بووە ، بێگومان لەو خزمەتە گەورەیەی کە کردووییەتی درێغیی نەکردووە و جێ دەستی دیارە وبە پیتە .

بەم بۆنە غەمگینەوە پرسە و سەرەخۆشیی بنە مالەکەمان ئاراستەی بنەماڵە بەڕێز و ئازیزەکەتان و سەرجەم خزمان و هاوڕێیان و گشت رۆشنبیرانی کوردستان دەکەین .. خودا سەبووریی گشت لایەکمان بدات و ڕەوانی پرۆفیسۆر کاکە عزالدین شاد و بەهەشت ئارامگای بێت .

انا لله و انا الیه راجعون

د. ڕۆژ نوری شاوەیس
لە جیاتی بنەماڵەی
نوری شاوەیس
٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

پەرلەمانی عێراق چەندین بڕیاری بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزاییەکان دەرکرد

ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەڵوەشاندەوە



دوێنێ سێشەممە پەرلەمانی عێراق لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لەوەتەی دەستپێکردنی خۆپێشاندانە بەرفرەوانەکانی بەغدا و شارەکانی تری باشوور و ناوەڕاست، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دا، ئەمەش وەکو هەنگاوێک بەرەو هێورکردنەوەی شەقام.

پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی دوێنێیدا ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد، بەرچاوترینیان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بوو، هەروەها بڕیاریشی دا کۆژراوەکانی خۆپێشاندانەکانی چەند رۆژی رابردووی عێراق بە "شەهید" هەژمار بکرێن و کەسوکارەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە.

پەرلەمانی عێراق بڕیاریشی دا سەرجەم ئەو کەسانەی بە هۆی خۆپێشاندانەوە دەستگیر کراون، بە زووترین کات ئازاد بکرێن. لەلایەکی تریشەوە بڕیاری دا هەڵمەتی رووخاندنی خانووبەرە بێ تاوانکان رابگیرێ کە ماوەیەکە لە چەند شارێکی عێراق دەستیپێکردووە.

ئاماری قوربانییانی ناوچەی سەدر لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا بڵاوکرایەوە

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی شەهید سەدر و بنکەکانی پۆلیس ژمارەی قوربانییەکانی ناوچەکە لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا، بریتی بوون لە 57کوژراو، 19 بیستەروشوێن و هەزار و 16 بریندار کە 205 لەوان بریندارکانیان سەختە. قوربانییان و بریندارانی ناوچەی سەدر لەسەروبەندی خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ئەم مانگە تا دوێنێ دووشەممە راگەیەنرا و بەپێی ئامارێک کە نەخۆشخانەی شەهید سەدر و بنکەکانی پۆلیس رایانگەیاندووە ژمارەی ئەو کوژراوانەی لە رۆژانی خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ئەم مانگە نیشتەجێی ناوچەی سەدرن و بە قوربانی بریتی بوون لە 57 کوژراو، 19 کەسیش بیستەروشوێتن، هەزار و 16 کەس بریندارن، 205 بریندار بریندارکانییان مەترسیدارە، هەروەها 550 بریندار تەمەنیان لە نێوان 20 بۆ 30 ساڵی دان. هەر بەپێی ئەو ئامارانە 30 کەس کە بریندارەبوون سەر بە دەزگا ئەمنییەکانن و بەشداریانکردووە لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا. هەروەها 13 بریندارەکە سەربە هێزە ئەمنییەکان بوون، چوار کوژراو سەر بە حەشدی شەعبی بوون، دوو کوژراو مامۆستان، هەشتیان کرێکاری خزمەتگوزاری بوون، 20 کوژراو کاسبکار بوون، 21 کوژروی دیکەش کرێکار و شۆفێری تەکسی و ماتۆرسکیل بوون.

سەرکردەیەکی سوننەکان: ئێمە لەگەڵ دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت نین



سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، پێویستە حکوومەتی عێراق داواکاریی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات و نابێ دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە ئەگەر حکوومەت نەمێنێت کارەسات لە عێراقدا ڕوو دەدات و دۆخەکە بەتەواوی تێکدەچێت و بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە پەیدا دەبێت و هاوشێوەی 2003تاوان زۆر دەبێتەوە. د. عەلا مەکی، نوێنەری پارتی ویفاقی نیشتمانیی سوننە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: ئێمە لەگەڵ بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانین بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لەگەڵ تووندوتیژیدا نین، بۆیە ئەوەی کە تەقە لە خۆپێشاندەران دەکرێت، گومانماوییە و نازانین هێزە ئەمنییەکانن، یاخود خەڵکی دیکەن تەقە دەکەن، چونکە تەقەیەکی زۆر دەکرێت، ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە، بۆیە پێویستە سەلامەتیی خۆپێشاندەران بپارێزرێت.

د. عەلا مەکی گوتیشی: پێویستە بە لێکتێگەیشتن حکوومەت و خۆپێشاندەران کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و بە هیچ شێوەیەک پەنا بۆ تووندوتیژی نەبەن، چونکە ئەمە بە هیچ شێوەیەک چارەسەری دۆخەکە ناکات. مەکی باسی لەوەش کردووە: دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت چارەسەری دۆخەکە ناکات و کارەسات دەخاتەوە و هاوشێوەی ساڵی 2003 بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە پەیدا دەبێت، کە هێزی بیانی هاتن عێراقیان پاراست و سەرەڕای ئەمەش دزی و کوشتن زۆر بوو. باسی لەوەش کرد: پێشبینی زۆر دەکرێت کە دەستی دەرەکی و سیاسی لەپشت خۆپێشاندانەکان هەبێت، بۆیە پێویستە حکوومەت بەشێوەیەکی عاقڵانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات و داواکاریی خۆپێشاندەران جێبەجێ بکات و ڕێگری لەوانە بکات کە تووندوتیژی بەکاربێنن.

میسر.. زیاتر لە هەزار مامۆستا بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ئیخوان موسلیمین دوورخرانەوە



وەزیری پەروەردە و فێرکردنی میسر، تارق شەوقی رایگەیاند کە هەزار و 70 مامۆستا بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ئیخوان موسلیمین لە ئەرک و خزمەتەکانیان دوورخراونەتەوە. ئاژانسی هەواڵیی شەرقولئەوسەت بڵاویکردووەتەوە، تارق شەوقی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتوویەتی: ئەو کەسەی کە لەو وەزیفەیەدا خزمەت دەکات، دەبێت خاوەن توانا و شارەزاییەکی باش بێت بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن. وەزیری پەروەردە و فێرکردنی میسر، تارق شەوقی باسی لەوەش کردووە، ئەو مامۆستایانە بە تۆمەتی ئەندامبوونیان لە ئیخوان موسلیمین بڕیاری دوورخستنەوەیان بۆ دەرکراوە، بەدەر لەوەیش بڕیاردراوە کە وەزارەتی پەروەردە لە هەر بیرۆکەیەک پاک بکرێتەوە کە کاریگەری دەبێت لەسەر قوتابیان.

وەزارەتی بەرگریی عێراق سەربازە لەکار دوورخراوەکان دەگەڕێنێتەوە



وەزارەتی بەرگریی عێراق رایگەیاند، بڕیاریداوە بە گەڕانەوەی دەیان هەزار سەربازی لەکار دوورخراوە بۆ سەر ئەرکەکانیان. گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، عەمید یەحیا ڕەسوڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە بەغدا ئەنجامی دا، ڕایگەیاند وەزارەتی بەرگریی، 108 هەزار سەربازیی لەکار دوورخستووەوە کە لەدوای پەلامارەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانی باکووری وڵات، لە ساڵی 2014دا ئەرکەکانیان جێبەجێکردبوو. یەحیا ڕەسوڵ گوتیشی: لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکوەزیران و فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی، وەزارەتی بەرگریی بڕیاریدا بە گەڕانەوەی ئەو سەربازانە بۆسەر ئەرکەکانیان. ئەم هەنگاوەی وەزارەتی بەرگریی عێراق وەک هەوڵێکە بۆ ڕەخساندنی هەڵی کاری زیاتر بۆ بێکاران و هێورکردنەوەی ئەو دۆخە ناسەقامگیرەیە کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە بەغدا و چەند شارێکی دیکەی باشووری عێراقی گرتووەتەوە.

لە مەیانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەربڕین دژ بە گەندەڵی، بێکاری و خراپی خزمەتگوزارییەکان شاری بەغدا و چەند شارێکی باشووری عێراقی گرتووەتەوە و پێکداهەڵپڕژان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە. بەپێی دواینێ ئاماریش کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکاندا کوژراون، گەیشتووەتە 104 کەس.

بۆ یەکەم جار پەیمانگایەکی تەکنیکی لە مێرگەسۆر دەکرێتەوە



لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە سەرۆکایەتیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەڕێوە چوو، بە فەرمی لە لایەن سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕایگەیاند: کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکیی مێرگەسۆر ڕاگەیاندرا، کە بڕیارە ساڵی داهێ بەفەرمی قوتابی وەربگرێت. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە بۆ هەریەک لە پ.ی.د. کاوە عەبدولکەریم شێروانی، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، د. محەمەد حسێن ئەحمەد، سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆریی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، غەفوور مەلا سوار، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر ساز درا، وردەکاری و ڕوونکردنەوە لەبارەی کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکیی مێرگەسۆرەوە خرایە ڕوو. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا پ.ی.د. کاوە عەبدولکەریم شێروانی، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕایگەیاند: کردنەوەی پەیمانگاکە دیاریەکی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ خەڵکی قارەمان و خۆڕاگری مێرگەسۆر و وەک ناوچەیەکی شۆڕشگێر و فیداکارای شۆڕشەکانی کورد، بۆ ئەوەی بتوانرێت خزمەتێکی بچووکی ئەو ناوچەیە بکرێت. پ.ی.د. کاوە عەبدولکەریم شێروانی گوتیشی: پەیمانگاکە سێ بەش لە خۆی دەگرێت، هەرێەک لە بەشەکانی کارگێڕیی کار، تەکنیکی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی و بەشی پەرستیاری. پەیمانگاکە ساڵی داهاتوو، واتا ساڵی خوێندنی 2020-2021 قوتابی وەردەگرێت و زۆرترین دەرفەتیش بۆ خەڵکی ناوچەکەیە تا بتوانن لە ناوچەکەی خۆیان دریژە بە خوێندن بدەن. لای خۆیەوە غەفوور مەلا سوار، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر، سوپاسی وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێری کرد بۆ بڕیاردان لە کردنەوەی پەیمانگایەکی تەکنیکی لە قەزای مێرگەسۆر و وەک یەکەی ئیداریی قەزاکەش ئامادەیی هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی نیشان دا بۆ ئەوەی پەیمانگاکە بە زووترین کات کارەکانی تەواو بکات و ساڵی داهاتوو بۆ وەرگرتنی قوتابیان ئامادە بێت.

بڕیارێک لەسەر لێکردنەوەی تابلۆی ئۆتۆمبێل و دانانی ژمارە کاتی دەردەکرێت



لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ، ڕێکاری توند بەرامبەر ئەو کەسانە دەگیرێتە بەر، کەوا تابلۆی ئۆتۆمبێل دەستکاری دەکەن. بەپێی نووسراوێکی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە لە 22ی 9ی2019 دەرچووە، ئامانژە بە ڕێکارێکی تایبەت کراوە، بۆ ڕێگریکردن لە تابلۆی ئۆتۆمبێلی ساختە.

وەزیری ناوخۆ جەختی کردووەتەوە، دەبێ وەزارەت و فەرمانگەکان و پارێزگاکان، سەرجەم فەرمانبەرانیان لەسەر دیاردەی لێکردنەوەی تابلۆ و بەستنی تابلۆی ژمارە کاتی، یان ساختەکردنی تابلۆی ئۆتۆملبێل ئاگادار بکەنەوە، هاتووە: "دەبێ ئاگاداریی سەرجەم فەرمانبەران بکرێتەوە، لە هەر پلە و پایەیەکدا بن، ئەگەر تابلۆی ئۆتۆمبێل لێبکەنەوە و تابلۆی ژمارە کاتی ببەستن، یان تابلۆی ئۆتۆمبێل ساختە بکەن، ئەوا دەدرێنە دادگا و ڕووبەڕووی تونددترین سزا دەبنەوە. ئەوەش ڕوون کراوەتەوە، هەر کەسێک تابلۆی ڕەسمنی ئۆتۆمبێلەکەی لێ بکاتەوە و تابلۆی ساختە و ژمارە کاتی لە شوێنی ئەو تابلۆیە بدات، ئەوە لە کاتی دەستگیرکردنیان لە لایەن ئەفسەران و کارمەندانی هاتوچۆوە، ڕووبەڕووی تونددترین سزا دەبنەوە و دەدرێنە دادگاش.

وەزارەتی ناوخۆ ئاشکراشی کردووە، هەر ئۆتۆمبێلێک تابلۆی لێکردەوە و ژمارەی کاتی بەست و تابلۆکەی ساختە کرد، ئەوە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی تاوان و شاردنەوەی ڕاستییەکان. بەڕێوەبەرایەتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕاسپێدراون، لە کاتی بینینی حاڵەتی لەم شێوەیە، ئۆتۆمبێلەکە دەستی بەسەردا بگیرێت و ڕادەستی نزیکترین بنکەی هاتوچۆ بکرێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
پارتی سەرەخۆشیی لە ئاری عەلی عوسمان ئێتیتی دەکات
هەڤاڵی بەڕێز ئاری عەلی عوسمان ئێتیتی
بەداخەوە هەواڵی کۆچی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خوالێخۆشبوو (عەلی عوسمان ئێتیتی) باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خامتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خانەوادە و خزم و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..
انا لله وانا اليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

گەرمیان: 3 هەزار پەنجەماسی خرانە ناو ڕووباری سیروانەوە

خەبات /سەبریە یوسف: بەهۆی پەنگ خواردنەوەیان لە گۆماوێک مەترسی دەکەوێتە سەر 3هەزار پەنجەماسی، دواتر لەلایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەوە لە خنکان ڕزگارکران و ئازادکران. گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان سەرکەوت ڕەحیم بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی نزیکەی 3 هەزار پەنجەماسی لە سنووری شارەدێی پێبازی سەر بە شارۆچکەی کەلار لە گۆماوێکدا گیریان خواردبوو، تەواوی ئەو ماسیانە ئازادکران. وتیشی: تەواوی ئەو ماسیانە مەترسی لەناوچوونیان لەسەربوو، بەڵام پاش ئەوەی خرانە ڕووباری سیروانەوە ئەو مەترسیانەی کە لەسەریان بوو ڕەوەیەوە. ڕاشیگەیاند: بەفرێدانی ئەو پەنجەماسیانە بەرهەمی ماسی لە ڕووباری سیروان زیاتر دەبێت.

دووەمین دیدار لە پێناو دەستوورێکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت



ئەمڕۆ کاتژمێر 9:30 بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2019/10/9 لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بە هاوبەشی تۆڕی پاراستنی نیشتمان دووەمین دیداری هاوبەش بەناونیشانی لە پێناو دەستوورێکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبات.

شیاوی باسە دیدارەکە بە دوو تەوەرەی سەرەکی بەڕێوەدەچێت تەوەرەی ئەکادیمی لە سێ پانێڵ لە بەیانیان بەڕێوەدەچێت و تەوەرەی سیاسی لە ئێوارە بە دوو پانێڵ بەڕێوەدەچێت، لە هەردوو تەوەرەکەدا ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی سیاسی و سەرکردەی سیاسی وەک قسەکەری سەرەکی بەشداری دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە تورکمان و یەزیدی و کلدان- سریان- ئاشوور بەشداری دەکەن.

تەوەرەی ئەکادیمی بەیانیان کاتژمێر 9:30 بەیانی بۆ 12:50 نیوەڕۆ

پانێڵی یەکەم: بنەما سەرەکییەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان

پانێڵی دووەم: بەربەستەکانی بەردەم نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان

پانێڵی سێیەم: پێکهاتەکان و دەستووری هەرێمی کوردستان پێکهاتەکانی یەزیدی، تورکمان، کلدوئاشوور و ئەرمەن

تەوەرەی ئێوارە: تەوەرەی ئەکادیمی بەیانیان کاتژمێر 2 پاش نیوەڕۆ بۆ 4ئێوارە

تەوەرەی دووەم: تەوەرەی سیاسی، کاتژمێر 2:00-4 دوای نیوەڕۆ

پانێڵی یەکەم: بەشداری پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆن- کۆمەڵ یەکگرتوو شیوعی

پانێڵی دووەم: بەشداری پارتە سیاسییەکانی ناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنەری حکومەت- پارتی یەکێتی گۆران

د.ئارام محەمەد: لەمساڵدا 41833 قوتابی ناویان لە زانکۆ و پەیمانگەکان گەڕاوەتەوە



بەبۆنەی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پیرۆزبایی لە دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی کرد و هیوای خواست بێن بەسەرمایەی مرۆیی سوودبەخش بۆ داهاتووی وڵاتەکەمان.ئەم وتانەی د.ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوێنێ سێشەممە ڕێکەوتی 2019/10/8 لە میانی ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا هات کە بەمەستی ڕاگەیاندنی ناوی دەرچووان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵین تا بتوانین ئەم بابەتە زیاتر تاوتوێ بکەین، وتیشی: بابەتی ڕاگەیاندنی ناوی دەرچووانیش پەیوەندی بەزیادکردنی پلانەوە هەیە کە سەرەتا زانکۆکان پلانیان زیاد کرد و دواتریش ئێمە وەک وەزارەت ڕێژەی 30% کورسی خوێندنی گشتیمان زیادکرد ئەمەش لەپێناو ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ دەرچووان.

د.ئارام محەمەد وتیشی: بەگشتی ڕێژەی وەرگرتن بۆ ساڵی خوێندن بەم شێوەیە بووە: بۆ پلانی بەخۆڕایی لەزانکۆ و پەیمانگەکان 74%و ئێوارانیش 14%و پارالێڵ 8%وتیشی بەم شێوەیە بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020 لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان دا 41833 قوتابی وەرگیران.

شنگال... دروژێن جەژنا جەمایێ دا کوردێن ئیزیدی-ولاتێن جیهانێ قەستا پەرستگەها لالش دکەن

خەبات/ڕەشید: جەژنا جەمایێ مەزنترین جەژنا کوردێن ئیزیدییە و ڕێورەسمێن قێ جەژنێ بو ماوەیێ حەفت ڕوژان بەردەوام دکەن و ئیزیدی ژ گەلەک دەڤەرێن جودایێن کوردستانێ و جیهانێ قەستا پەرستگەها لالش دکەن ژبو پشکداری کرنێ دڤێ چەژنێ دا. لوقمان سلێمان بەرپرسێ ڕاگەهاندنا پەرستگەها لالش بو خەبات ڕاگەهاند: ل جەژنا ئەڤ ساڵەدا هەژمارەکا مەزن ژ ئیزیدییێن کوردستانێ و ژ ولاتێن سووریا و ئەوروپا و ئەمریکا قەستا پەرستگەها لالش کرینە ژبو پشکداری کرنێ دجەژنا جەمایێ دا، ل ئەڤ ساڵە جێوازیەک باش هەنە دگەل ساڵین بوری ژبەر وێ ڕەوشا نالەبا کو ب سەر ئیزیدیان دا هاتی ل ئەنجامێ هێرشێن تیرورستێن داعش.

سلێمان دیاکر دروژێن جەژنێ دا یا کو بو ماوەیێ حەفت ڕوژان بەردەوام دبیت، چەندین ڕێورەسمێن ئایینی ل پەرستگەها لالش دئینە گێران، زێدەباری کو جەژن دەلیڤەیەکا مەزن ژبو خورتکرنا پەیوەندیان. ژلایێ خوڤە سامان خدر کو گەنجەکێ ئیزیدیێ پشکداری درێورەسمێن جەژنێ دا دکەت و گوت: ئەڤ جەژنە دەلیڤەیەک کو ئەم هەمی پێکڤە کار بکەین ژبو پتر خزمەتکرنا ولاتێ خوە، خوەشحالیا خوە دیارکر بو کەلتورێ ڕەسەنێ پێکڤەژیان ل کوردستانێ و هێڤی خواست کو هەمی پێکهاتەیێن ئایینی و نەتەوەیی ل کوردستانی پێکڤە کار بکەن ژبو ئایندەیەکێ گەشتر. هەروەسا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژی بڕیار دایە کو جەژنێن ئیزیدیان ببنە بێهنڤەدانا فەرمی بو کوردێن ئیزیدی.



هەرکەسێک پێشینەی تاوانی هەبێت نابێت کاری شۆفێری تاکسی بکات

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە گۆڕینی لۆگۆی تەکسییەکانی هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان زانیاری خستەڕوو کە تیایدا ئامانژە بەوەکراوە کە لەمەودوا ڕەنگی لەزگەی تاکسییەکان بەپێی شوێنی کارکردنیان دەگۆڕدرێت. گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد ساڵح لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ئەو پرۆژەیە وەکو سیاسەتی وەزارەتە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پێشکەوتوو تاکسییەکانی ناوشار و دەرەوەی شارەکان نێوان شارەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە و دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و دروستکردنی لیژنە و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بڕیار لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە درا و پرۆسەی تەندەری بۆ کرا، ئەو ڕەنگانەی کە دەستنیشانکراوە، تاکسییەکانی ناو شاری هەولێر ڕەنگییان سوور و شاری سلێمانی ڕەنگی شین و شاری دهۆک ڕەش دەبێت، ئەوانەی نێوان شارەکانیش ڕەنگی قاوەیی دەبێت. ئومێد ساڵح گوتیشی: دوای ئەوەی لۆگۆ لە تاکسییەکان دەدرێت، هەر تەکسییەک و دەتوانێت تەنها لە شارەکەی خۆی کار بکات، ئەمەش لە پێناو ڕێکخستنی کاری تاکسی و کەمکردنەوەی جەنجاڵییەوەیە، هاوکات هەموو شۆفێری تاکسییەک دەبێت فۆرمێکی تایبەت لە ئاسایشی گەرەک پڕبکاتەوە و دەبێت پاکانەی لە لێکۆڵینەوەی بەڵگەی تاوان بێنێت، چونکە هەرکەسێک پێشینەی تاوانی هەبێت نابێت کاری شۆفێری تاکسی بکات.

ئورفا.. شاری پێغەمبەران

ڕێژەی گەشتیاران لە وەرزی پاییزیشدا زیادی کردووە

ئورفا کە بە شاری پێغەمبەران ناسراوە و خاوەن ناوچەی گرنگی کولتووری و ئایینییە، بەهۆی (سالّی گۆبەکلیتەپە)وە لە وەرزی پاییزدا گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکات.





خەبات: باکووری کوردستان

ئورفا کە با شاری پێغەمبەران ناسراوە و خاوەن ناوچەی گرنگی کولتووری و ئایینییە، بە هۆی (سالّی گۆبەکلیتەپە) وە لە وەرزی پاییزدا گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکات. ئورفا کە لە ماوەی سالآنی رابردوودا بووە ئەستێرەی دیاری گەشتیاران لە باکووری کوردستان لە وەرزی پاییزیشدا گەشتیاران گرنگیی زۆری پێ دەدەن و بەچڕی سەردانی دەکەن. بەو هۆیەشەوە هۆتێلەکانی شارەکە تا کۆتایی تشرینی دووەم گیراون.

شارەکە کە لەگەلّ ئەوەی ناوەندێکی کولتووری گەشتوگوزارییە، هاوکات بە یەکێک لە ناوەندەکانی باوەڕ دادەنرێت و لە سایەی "سالّی گۆبەکلیتەپە "لە وەرزی بەهاردا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار رووی تێدەکەن. هەروەها بوونی چەند شوێنێکی گرنگی وەک بالّکلّیگۆل کە شوێنی لەدایکبوون و خستنە ناو ئاگری حەزرەتی ئیبراهیمە، گۆبەکلیتەپە کە بە خالّی سفری میژوو دادەنرێت لەگەلّ خانووە قوبەییە دێرینەکان بووەتە جێی سەرنجی گەشتیاران.

سەرۆکی ژووری ڕێبەرانی گەشتوگوزار لە ئورفا، موسلوم چۆبان لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە بە هۆی ئەوەی سالّی 2019سالّی گۆبەکلیتەپەیە خواستێکی زۆری گەشت هەیە بۆ شارەکە.

چۆبان باسی لەوە کرد کە پاش وەرزی بەهار و هاوین لە وەرزی پاییزیشدا گەشتیارێکی زۆر روو لە ناوچەکە دەکەن و گوتی: قۆناغی پاییز کە وەک وەرزی دووەمی گەشت دادەنرێت لە ئورفا دەستپێکردووە، لەئێستادا بە هۆی نەمانی شوێن لە هۆتێلەکاندا گەشتیاران بۆ تشرینی دووەم شوێن دەگرن، لەبەر ئەوە بۆ تشرینی دووەمیش هۆتێلەکان گیراون. لەسەدا سەدی هۆتێلەکان پڕن و شوێن نەماوە، بەس خۆ ئێمە میوانەکانمان فەرامۆش ناکەین و لە مالّەکانماندا پێشوازییان لێدەکەین.

محەمەد سەعید ئەرتورک کە بەڕێوەبەری هۆتێلێکە لە ئورفا باسی لەوە کرد کاتێک وەرزی گەشت لە بەهاردا دەست پێ دەکات چڕی هاتنی گەشتیاران لە پاییزیشدا بەردەوام دەبێت.

فەیسبووک لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مەترسییەکی نادیار

کچێک: ترسمان هەیە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، چونکە تۆڕێکی پارێزراو نییە



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەشدارن و ئەوەیش کاریگەری تەواوی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی تاک دروست کردووە، لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێ لە بەشداربووانی بپرسین بۆچی و بە چ مەبەستێک تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکاردەهێن.



سەروەت مستەفا دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە هەولێر دەڵێت: بەگشتی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردێنم فەیسبووکیش یەکێکە لەو تۆڕانەی ڕۆژانە بەکاری دێنم بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانم و بڵاوکردنەوەیان، زۆر بەلّام هەر ترسمان هەیە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، چونکە تۆڕێکی پارێزراو نییە و پڕ کێشەیە، لەبەر ئەوەی هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی تۆڕی کۆمەڵایەتی جێگەی متمانەپێکراو بێ و هەمیشە ترسمان لێی هەیە، کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕەفتاری فەیسبوکی بەلاوە ناسایی بێ.



سەروەت مستەفا

سەروەت گوتیشی: دەتوانم بڵێم هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوودیان هەبووەو هەمیش زیان، زۆر کەس هەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەهۆی ئیش و کارەوە هاوڕێمن سوودیان هەبووە بۆم، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تۆڕێکی گرێدراوی خێزانییەو بەکارهێنەری زۆری هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەو بۆچوونەکانیان، بەلّام بەداخەوە زۆر جار ئافرەتان دەکرێنە ئامانج و دەبنە قوربانی ئەو تۆڕە، دەتوانم بڵێم زۆرترین زیانی هەیە بۆ ئافرەتان، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەی تۆڕێکی پارێزراو نییە و تائێستا هیچ ڕێنمایی و لێپرسینەوە نەبووە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی،

کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی زۆرینەی کاتەکانی بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تەرخان کردووە وەک پێداویستی سەرەکی لێهاتووە، من کاتم بۆی دانەناوە واتا بەپێی دەرفەت بەکاری دێنم، چ کات پێویست بێ ڕۆژانە بەپێی کارو چالاکییەکانم بەکاری دێنم.

زێدان خەسرۆ میکائیل

زێدان گوتیشی: ئەو سوودەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکم بینیووە لەهیچ شوێنێک نەمبینیوە و ئەگەر هەرچەندی سوودەکانی بنووسین کۆتایی نایەت ، ئەگەر بڵێن سۆشیاڵ یاخود زێدان خەسرۆ میکائیل ڕۆژنامەنووس دەڵێت: فەیسبوک و تۆڕەکانی تری کۆمەڵایەتی بوونەتە هاوڕێی ڕۆژانەم و بەردەوام بەکاریان دەهێنم ، ڕۆژانە نزیکەی چوار کاتژمێر بەکاری دەهێنم و هەندێ جار کەمتر و هەندێ جار زیاتر چونکە بەکار هێنانەکە بەگوێرەی کاتی خۆمە و بێگومان کاتی مرۆڤیش ڕۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.



زێدان خەسرۆ میکائیل

فەیسبوک سودێکی زۆر زۆری هەیە و خۆم بەوپێیەی ڕۆژنامەنووسم زۆر هاوکاری کردووم لەبوارەکەمدا و وەک چەکێکی ئاسانە بۆ گەیشتن بەزانیارییەکانی ڕۆژ، لەلایەکی ترەوە هەم بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناسینی هاوڕێی نوێ سودێکی زۆر زۆری هەیە و جگەلەوە لەڕووی داهاتەوە ئەتوانیت بەئاسانی کالاکانت لەدونیای فەیسبوکدا نمایش بکەیت.

لاندۆ هیوا جەمال

لاندۆ هیوا جەمال بەڕێوەبەری فەرمی کۆمپانیای ناسین دەڵێت: لە ساڵی 2007ـەوە بەشدارم لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە وەک هەژماری تاکەکەسی بۆ مەبەستی بەستنەوە و دۆزینەوە هاوڕێ و نزیکانم، ڕۆژانە کەمتر لە کاژێرێک خزمەتگوزارییەکانی ئەم مالّپەڕەم بەکاردەهێنم بەتایبەتی ماسنجەر کە لەو ڕێگەیەوە بەخۆڕایی پەیوەندیم بە کوردستانەوە دەکرد.

لاندۆ دەشڵێت: لە ناوەڕاستی 2012ـەوە پەڕەی تایبەتم بۆ پڕۆژە و کارەکانم دامەزراند کە لەڕێگەیانەوە زۆر خێراتر دەمتوانی کاڵا و خزمەتگووزاری کۆمپانیا و پڕۆژەکانم بگەیەنم بە هاوڵاتیان چ لەناوەوەی کوردستان یاخود دەرەوە ، بەپێی ئاماری فرۆشتنی ئەم سێ ساڵەی دوایی بە ڕێژەی نزیکەی (٢٠٪) لە سەدای بازارکردن و فرۆشتنم لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەدەستهێناوە و بە تێکڕای فرۆشتن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگاتە نزیکەی ڕێژەی (٣٥٪) لەسەدا ، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانبەری تایبەت بە پەڕی فەرمی کۆمپانیا و پڕۆژەکانم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراندووە و خۆشم لە نزیکەوە چاودێری دەکەم.

بێ بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی ئەستەمە بتوانی بەکاتێکی کورت و خێرا و ئاسان بە ووردی ئاگات لە جموجۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خواست و ویستی دەروبەر بێت. پێموایە باشترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ ئەوەی هەمیشە خۆت یان خزمەتگوزاری و کالاکانت لەبەرچاوی خەڵک دا بهێڵیەوە کە ئەمەش کلیلی سەرکەوتنی کارکردنە.



پیشەی هاوبەش چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی هاوسەران هەیە؟

ئا/ ژیلا سلێمان

ئەوەیکە لەگەڵ هاوسەرتان لە شوێک کار بکەن و ئەو یەکێک لە هاوکارەکانت بێت چێژبەخشە، بەڵام ئەو وێنەی ئێوە لە کاردا دەریدەبڕن و ئەو کاراکتەرەی ئەو کاتتان جا باش بێت یان خراپ کاریگەری لەسەر پەیوەندی ئێوە دەبێت و جۆری پەیوەندی کاری ئێوە لەگەڵ هاوبەشی ژیانتان دەتوانێت هۆکاری باشبوونی پەیوەندی یان زیان گەیاندن بە ژیانتان بێت.

کەواتە گەر لەگەڵ هاوسەرتان هاوکارن بۆ پاراستنی چۆنیەتی پەیوەندیتان ئەو چەند خاڵە لەبەرچاوبگرن: بابەتی کار و پەیوەندی لەیەکتر جیابکەنەوە: پەیوەندی ئێوە لە شوێنی کار و لە ماڵەوە دوو بابەتی جیاوازە، هەر بەمشێوەیەش کردار و هەڵسوکەوتی ئێوە لەگەڵ هاوسەرتان لەو دوو شوێنە جیاوازە. ئەوەی لە پەیوەندییەکی سۆزداری بوونی هەبێت نابێ کاریگەری لەسەر کارتان دابنێت، گەر لە ماڵەوە کەوتە خێزانییەکان بە کێشە دێن نابێت بە هیچ شێوەیەک بگوازرێتەوە شوێنی کارتان هەروەها سۆز و هەستی ئێوە نابێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی کارەکەتان هەبێت.

خۆتان وەک تاک لەدەست مەدەن: کاتێک هاوسەران لە شوێنێک هاوکاری یەکتر بن زۆر بە زەحمەت بتوان کەسایەتی و بنەمای سەربەخۆی خۆیان بپارێزن.

ڕێکار گەلێکی زۆر بۆ پاراستنی کەسایەتی تاک هەیە و پێویستە هەر کەسێک و شێوازی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. توانای بڕیاردانی بە تەنیا و هەبوونی بیرۆکەی سەربەخۆ و سڕینەوەی پەیوەست بوون لە کاتی بڕیاردان، دەتوانن ڕێچارە جیاوازەکان بن.

شوێنی کارکردنتان لە یەکتر هەر کەسەو دەبێت کاری تایبەت بە خۆی بە ڕێکی ئەنجام بدات و نەیخاتە ئەستۆی ئەویتر.

بیر لە پێشکەوتن بکەنەوە: هاوکاربوون لەگەڵ هاوسەر و هەستی نزیکبوونەوە هەموکات باش نییە. ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوسەرتان چاوپۆشی لە کەموکوڕییەکانتان بکات یان خۆی قەرەبووی کارەکان بکاتەوە. داوا لە هاوسەرتان بکەن سەرەڕای خۆشەویستی کەموکوڕییەکانتان پێ بڵێت و لەبڕی قەرەبووکردنەوە یارمەتی پێشکەوتنتان بدات.

نرخی هاوکاربوون: کارکردنی هاوبەش رەنگە هەندێ کێشەی هەبێت، بەڵام سوودی تایبەتیشی هەیە. تێگەیشتنی ئێوە لە بارودۆخی کاری یەکتر، کارکردن لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشتان دەوێت، متمانە و بەرپرسایەتییەک کە بە نیسبەت کاری هاوبەش هەستی پێدەکەن بەگشتی سوود و سەرکەتن هەژمار دەکرێت.

- خاوێنکردنەوەی پێست بە شێوەی سروشتی

پێستی روون و بریقەدار لە هۆکارەکانی جوانی و یەکێک لە هاوسەرتان بۆ پێست ڕێگەی جیاوازە و بۆ هەر جۆرە پێستێک شێوەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو خاتوونانەی پێستیان چەورە دەبێت ئاگەدار بن کە ئەو چەورییە ناهێلێت هەوا بگاتە پێست و خرۆکە مردووەکان لەسەر پێست دەمێننەوە کە بە تێپەڕبوونی کات دەبنە کێشەی جیدی بۆ پێست. بۆ خاوێنکردنەوەی ڕێگەی سروشتی و ڕێگەی خۆراکی تەندروست و گونجاوەوە، بەکارهێنانی حەبی پاراستەمۆل کاتی ئازاری زۆر و بە بڕی کەم، پابەند بوون بە هەندێ ڕێنمایی پزیشکییەوە سەبارەت بە شێوازی لەسەر بابەتە خێزانییەکان بە کێشە دێن نابێت بە هیچ شێوەیەک بگوازرێتەوە شوێنی کارتان هەروەها سۆز و هەستی ئێوە نابێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی کارەکەتان هەبێت.

خۆتان وەک تاک لەدەست مەدەن: کاتێک هاوسەران لە شوێنێک هاوکاری یەکتر بن زۆر بە زەحمەت بتوان کەسایەتی و بنەمای سەربەخۆ و سڕینەوەی پەیوەست بوون لە کاتی بڕیاردان، دەتوانن ڕێچارە جیاوازەکان بن.

شوێنی کارکردنتان لە یەکتر هەر کەسەو دەبێت کاری تایبەت بە خۆی بە ڕێکی ئەنجام بدات و نەیخاتە ئەستۆی ئەویتر.

بیر لە پێشکەوتن بکەنەوە: هاوکاربوون لەگەڵ هاوسەر و هەستی نزیکبوونەوە هەموکات باش نییە. ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوسەرتان چاوپۆشی لە کەموکوڕییەکانتان بکات یان خۆی قەرەبووی کارەکان بکاتەوە. داوا لە هاوسەرتان بکەن سەرەڕای خۆشەویستی کەموکوڕییەکانتان پێ بڵێت و لەبڕی قەرەبووکردنەوە یارمەتی پێشکەوتنتان بدات.

نرخی هاوکاربوون: کارکردنی هاوبەش رەنگە هەندێ کێشەی هەبێت، بەڵام سوودی تایبەتیشی هەیە. تێگەیشتنی ئێوە لە بارودۆخی کاری یەکتر، کارکردن لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشتان دەوێت، متمانە و بەرپرسایەتییەک کە بە نیسبەت کاری هاوبەش هەستی پێدەکەن بەگشتی سوود و سەرکەتن هەژمار دەکرێت.

- خاوێنکردنەوەی پێست بە شێوەی سروشتی

پێستی روون و بریقەدار لە هۆکارەکانی جوانی و یەکێک لە هاوسەرتان بۆ پێست ڕێگەی جیاوازە و بۆ هەر جۆرە پێستێک شێوەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو خاتوونانەی پێستیان چەورە دەبێت ئاگەدار بن کە ئەو چەورییە ناهێلێت هەوا بگاتە پێست و خرۆکە مردووەکان لەسەر پێست دەمێننەوە کە بە تێپەڕبوونی کات دەبنە کێشەی جیدی بۆ پێست. بۆ خاوێنکردنەوەی ڕێگەی سروشتی و ڕێگەی خۆراکی تەندروست و گونجاوەوە، بەکارهێنانی حەبی پاراستەمۆل کاتی ئازاری زۆر و بە بڕی کەم، پابەند بوون بە هەندێ ڕێنمایی پزیشکییەوە سەبارەت بە شێوازی لەمپەرەکانی گەیشتنی هەوا بۆ پێست لادەبات و دەبێتە هۆی گەیشتنی هەوا بۆ خرۆکەکان و لە ئەنجامدا کێشە گەلێک وەک زیپکە، کۆبوونەوەی چەوری و تاریکبوونی ڕەنگی پێست لەناودەبات. گەر حەز دەکەن پێستسێکی ڕوون و گەشتان هەبێت لەگەڵ خاوێنکردنەوەی پێست پێویستە ڕجیمێکی تەندروستی خواردن ڕەچاو بکەن.

بخور کردن: بخور یان هەمان یارمەتیدەرگرتن لە هەڵمی گەرم سەرەڕای ئاسایی بوونی کاریگەری زۆر ئەکتیڤی لەسەر پێست هەبێت و پیسایی پێست لەنێو بەرێت.کەمێک ئاو بخەنە سەر ئاگر تا هەڵم بکات ئەو کات سەری پێدا داگرن و بە خاولییەک ڕێگەی دەڕچوونی هەڵم بگرن.ئەو کارە بۆ ماوەی 15 خولەک ئەنجام بدەن و دەتوانن گیایی ئاویشن لە ئاوەکە بکەن تا ئەنجامی باشترتان دەسکەوێت.

هۆکارەکانی ئازاری پشت لە کاتی سکپڕی و دوای منداڵبوون چین؟



ئا/ وریشە عومەر

ئافرەتان لە کاتی دووگیانیدا بە هەستیارترین کاتی تەمەنیاندا تێدەپەڕن و پێویستە خۆیان و دەورامبەریان هاوکاریان بن تا بە باشترین شێوە و تەندروستترین حاڵەت و دوور لە کێشە ئەو قۆناغە تێپەڕێنن. بێشک ڕۆشنبیری و زانیاری لەو بابەتە زۆر پێویستە و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا باشترین یارمەتیدەر لەو کاتەدا دەبن.

گەر دایکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە لە هێنانە دنیای منداڵێکی تەندروست سەرکەوتوو بن و تەندروستی خۆشیان بپارێزن ئەوا بێشک هەنگاوێکی گرنگ تێدەپەڕێنن. پشت ئێشە و ئازاری پشت لە کاتی دووگیانی یەکێک لە کێشەکانە کە لێرەدا هۆکار و چارەسەرییەکان دەخەینەڕوو.

دکتۆرە هە ڤین کەمال شاە محەمەد وەک یەکەم وتەی لەو بارەوە پێیوایە: "جوولە و ڕۆشتن بە پێ و ئەنجامدانی وەرزشی گونجاوی ڕۆژانە، گرنگترین چارەسەری ئازاری پشتە لەکاتی سکپڕیدا. دکتۆرە (هەڤین کەمال شاە محەمەد) پسپۆڕی بێهۆشکاری و ئازارشکاندن لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی دەربارەی ئازاری پشت لەکاتی دووگیانی ئافرەتان بابەتێکی گرنگی نووسیووە و دەڵێت: زیاتر لە 50%ی ئەو خانمانەی دووگیانن تووشی پشت ئێشە ئەبن و زۆربەیان دوای لە دایکبوونی کۆرپە ئازارەکەیان کەم ئەبێتەوە یان نامێنێت. لە هەمان کات بەشێکی خانمان پاش منداڵبوون تووشی ئازاری پشت دەبن یاخود ئازاریان زیاتر ئەبێت.

هۆکارەکانی ئازاری پشت لەکاتی سکپڕیدا

زیاد بوونی کێش: کاتی دووگیانی ئاسایی خانمان (۱۰ - ۱۲) کیلۆگرام کێشیان زیاتر دەبێت، ئەمەش گوشارێکی زیاتر لە سەر بڕبڕەکانی لەش دروست ئەکات .

گۆڕانی هۆرمۆنەکان: هۆرمۆنی ڕێلاکسین دەڕێژرێت بۆ خاوبوونەوەی بەستەرەکانی ناوچەی حەوز و نەرمبوونی جومگەکان بۆ ئامادەبوون بۆ منداڵبوون، هەمان هۆرمۆن دەبێتە هۆی بێهێزبوونی بەستەر و جومگەکانی بڕبڕەی پشت.

گۆڕانی خاڵی گوشاری لەش: بەهۆی گەورە بوونی قەبارەی سکەوە پشت زیاتر بەرەو پێشەوە دەچەمێتەوە تەنانەت بێئەوەی خۆت بنووشتێنەوە، ئەمەش گوشاری زۆر دەخاتە سەر بڕبڕەی پشت. هەروەها جیابوونەوەی ماسولکەیەکی بەهێزی دیواری سک لە یەکتر بۆ ڕێگەدان بۆ گەورەبوونی قەبارە و کێشی منداڵدان کە دەبێتە هۆی زیاتر بوونی پشت ئێشە.

دڵەڕاوکێ و قەڵەقی: لە کاتی سکپڕی زیاتر دەبێت بە هۆی ترس و چاوەڕوانی لە دایکبوونی منداڵێکی تازەوە، و کەمی کالسیۆم و ڤیتامین (D) و مەگنسیۆم بە هۆی دروست بوونی کۆرپەلەوە.

هەوکردنی جومگەی حەوز: زۆر باوە لە کاتی سکپڕیدا.

شێوازی چارەسەرکردنی

پاشان دکتۆرە هەڤین دەربارەی چارەسەرییەکان دەنووسێت: زیاتر کردنی جوولە و ڕۆیشتن بە پێ و ئەنجام دانی وەرزشی گونجاوی ڕۆژانە، گرنگترین چارەسەری ئازاری پشتە لەکاتی سکپڕیدا. دەست نیشان کردن و چارەکردنی کەمی ڤیتامین و کانزاکان لە ڕێگەی خۆراکی تەندروست و گونجاوەوە، بەکارهێنانی حەبی پاراستەمۆل کاتی ئازاری زۆر و بە بڕی کەم، پابەند بوون بە هەندێ ڕێنمایی پزیشکییەوە سەبارەت بە شێوازی بەردەوامی هەبێت کە بە پشوودان نەڕوات یان نەهێلێت بخەوێت یان بوونی ئازار یان هاتنی ئازارەکە بۆ سمت و قاچ و پێ، سڕ بوون و تەزین و هاتنی تەزوو و مێرولەکردن بە پەنجە و پێ و قاچدا کە پێویست دەکات بە زووترین کات سەردانی پزیشک بکەیت.

داهێنانی ختمێکی شاراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی تووشی دەستدرێژی دەبنەوە



ئا/ لاپەڕەی ئافرەت: ختمێکی تایبەت بە بەڕێوەچدانەوەی ئازاردەرانی سێکسی لە شوێنە گشتییەکان بەرهەمهێنرا کە تەنیا کاتژمێرێک پاش هاتنی بۆ بازار تەواو بوو. بە پێی ڕاپۆرتێکی ئینديپێندنت ئەو ختمە بە ئاسانی لە گیرفاندا جێگەی دەبێتەوە و قوربانی تووندوتیژی سێکسی دەتوانێت کاتێک تووشی دەستدرێژی دەبێتەوە ئەو ختمە لە کەسی دەستدرێژیکار بدات و لەو ڕێگەیەوە پۆلیس زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بیناسێتەوە و دەسگیری بکات.

ئەو ختمە بە وێنەی دەستێک بە موروکەیی نەبینراو دروستکراوە، بەڵام بە داگیرسانی تیشکی ڕەش دەتوانێت ئەو کەسانەی ئەو ختمەیان لێدراوە بناسێتەوە.

ئەگەرچی ئامارەکانی تووندوتیژی لە ژاپۆن تا ڕادەیەکی باش لە خوارەوەیە، بەڵام ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکانی وەک مێترۆ ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە. ئەو ئافرەتانە بەو هۆیەی کە ڕەنگە ئەوان بە تاوانبار دابنێن و لە بەر ئابڕووی خۆیان قسەیەک ناکەن و هیچ ڕاپۆرتێک بە پولیس نادرێت.

کۆمپانیای " شاچیهاتا" ئەو ختمەی بەرهەم هێناوە و نرخەکەی دەگاتە نزیکەی 38دۆلاری ئەمریکی.

ئەو کۆمپانییایە لە تویتەرەکەی خۆیدا دەڵێت کە دروستکردنی ئەو ختمە هەنگاوێکی بچوکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی لە کۆمەڵگەدا.


خاوێنکردنەوەی پێست بە شێوەی سروشتی



پێستی روون و بریقەدار لە هۆکارەکانی جوانی و یەکێک لە سڕەکانی گەنج مانەوەیە کە یارمەتی تەندروستی پێست دەدات. ڕێکاری خاوێنکردنەوە بۆ پێست ڕێگەی جیاوازە و بۆ هەر جۆرە پێستێک شێوەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو خاتوونانەی پێستیان چەورە دەبێت ئاگەدار بن کە ئەو چەورییە ناهێلێت هەوا بگاتە پێست و خرۆکە مردووەکان لەسەر پێست دەمێننەوە کە بە تێپەڕبوونی کات دەبنە کێشەی جیدی بۆ پێست. بۆ خاوێنکردنەوەی ڕێگەی سروشتی و ڕێگەی خۆراکی تەندروست و گونجاوەوە، بەکارهێنانی حەبی پاراستەمۆل کاتی ئازاری زۆر و بە بڕی کەم، پابەند بوون بە هەندێ ڕێنمایی پزیشکییەوە سەبارەت بە شێوازی لەمپەرەکانی گەیشتنی هەوا بۆ پێست لادەبات و دەبێتە هۆی گەیشتنی هەوا بۆ خرۆکەکان و لە ئەنجامدا کێشە گەلێک وەک زیپکە، کۆبوونەوەی چەوری و تاریکبوونی ڕەنگی پێست لەناودەبات. گەر حەز دەکەن پێستسێکی ڕوون و گەشتان هەبێت لەگەڵ خاوێنکردنەوەی پێست پێویستە ڕجیمێکی تەندروستی خواردن ڕەچاو بکەن.

بخور کردن: بخور یان هەمان یارمەتیدەرگرتن لە هەڵمی گەرم سەرەڕای ئاسایی بوونی کاریگەری زۆر ئەکتیڤی لەسەر پێست هەبێت و پیسایی پێست لەنێو بەرێت.کەمێک ئاو بخەنە سەر ئاگر تا هەڵم بکات ئەو کات سەری پێدا داگرن و بە خاولییەک ڕێگەی دەڕچوونی هەڵم بگرن.ئەو کارە بۆ ماوەی 15 خولەک ئەنجام بدەن و دەتوانن گیایی ئاویشن لە ئاوەکە بکەن تا ئەنجامی باشترتان دەسکەوێت.

نەفرەت ل تیرۆر و تیرۆریستان



سەباح بەیتوڵڵا

پشتی شۆڕشا مەزنا ئیلونێ ب سەرکردایەتیا پارتیامە پارتی دیموکراتی کوردستان ب سەرۆکایەتیا ڕێبەرێ نەتەوا کورد مستەفا بارزانییێ نەمر ب سەدان داستان تۆمارکرین دژی داگیرکەرێن کوردستانێ و دوژمن نەچار کری ل سالا (1970) دانپێدانێ ب مافێ مللەتێ کورد بکەت، چونکی ماف دهێتە ستاندن و ناهێتە پێشکێش کرن یان بکەنە دیاری و خەلات. ب ئاخفتنێن سەرکردێن رژێما گۆربگۆر دبێژن ئەگەر مە ڕێکەفتنا 11ی ئاداری واژوو نەکربا تڤیا مە کلیلێت بەغدا تەسلیمی پارتی و بارزانی کربان.

لێ هێشتا حوبرێ ڕێکەفتنا دیرۆکی یا (11) ئاداری حشک نەبببوو ، رژێما دیکتاتور کەفتە داڕێشتنا پیلانا و فرت وفێلا بۆ لاوازکرنا تەڤگەرا رزگاریخوازا مللەتێ کورد و جێبەجێ نەکرنا بەندێن وێ ڕێکەفتنێ.

چونکی رژێمێ ب نەچاری واژوو کربوو و چێدی وەکو پێدڤی چەک و ڕێکەفتن و دراڤ و شیان و هێز نەما بوون. دوژمن گەهشتبوو وێ باوەرێ کو بارزانیێ نەمر دەستا ژ سەوابتێن نەتەوایەتیێ بەرنادەت و تەنازولێ ژی ل ئاخا پیرۆزا کوردستانێ ناکەت. لەوا مەزنترین ئاستەنگ و بەربەست بەرامبەر ب رژێما فاشیا گۆربگۆر بارزانییێ نەمر بوو، دوژمنی هزر ل هندێ کر پێدڤی یە ب هەر رەنگەکێ بیت و ئامادەیە هەمی پێکولێ و پیلانا داڕێژیت ژ بووی ژناڤبرنا بارزانییێ نەمر، چونکی باش و باش دزانی بارزانی هێما و سونبول و ناسناما نەتەوا کوردە و ب هزر و خەیالا وان ب تیرۆرکرنا بارزانییێ نەمر دێ کارن بگەهنە مەرەمێت خۆ یێن چەپەل و گەنی، بەلێ پیلانەکا سیخوریا داڕێتی کو دەمەکێ زۆر پێڤە مژویل ببوون چەندین کەسێن خو یێن سیخوڕ ب جلوبەرگێن ئایینی رەوانەی حاجی عومران کرن ژبەرکۆ دزانی بارزانییێ نەمر و مەزن گەلەک ڕێزێ ل ماموستایێن ئایینی دگریت و ناهێنە پشکنین و ب ساناهی دێ گەهنە بارزانی و دێ کارن مەرەما خۆ یا چەپەل جێبەجێ بکەن.

بەلێ ل 29/9/ 1971ێ ئەو پیلان هاتە جێبەجێ کرن و بارزانییێ نەمر ل وێ پیلانا نەزۆک ب سەرسوڕهێنەرڤە رزگار بوو و پەردە لسەر روویێ رەشێ رژێمێ هاتە لادان کو چەند دژی تەڤگەرا رزگاریخوازیا مللەتێ کوردە. مللەتێ کورد داخازا تولڤەکرنێ کر. بەلێ حیکمەت و بلیمەت و شارەزایا بارزانییێ نەمر ل پیلانێت دوژمنی و گۆت : رژێمێ ب نەچاری ڕێکەفتنا (11) ئاداری واژوو کری یە و نەهۆ یا پەشێمانە و چ موبەررا نادەینە دەست و مە دڤێت مافێ خۆ ب ئاشتی و دان و ستاندنێ وەربگرین و ئەم دژی شەرینە و ئەم مللەتەکێ ئاشتیخواز و ئازادیخوازین. ئەگەر ئەم شەڕی بکەین دێ شەڕی لسەر کەرکوکێ کەین نەک لسەر من.

سەرەڕای ڤی کاری تیروریستیێ رژێما فاشیا گۆربگۆر، لێ سەرکردایەتیا پارتی بەرسڤا دوژمنی نەداڤە و بەردەوامی دا دان و ستاندنێ حەتا سالا 1974ێ رژێم ل هەمی سۆزێن خوە پەشێمان بوویەڤە و جارەکادی شەڕ بسەر مللەتێ کورددا سەپاند. بارزانییێ نەمر و حەتا رۆژا مالئاڤاهییێ و ل (60) سالێن تەمەنێ خو یێ پڕ خەبات و فیداکاری و دلسوزی تەسلیمی ئیرادا دوژمن و داگیرکەرا نەبوو. دوژمن باش دزانی مستەفا بارزانی پتر ژ نیڤ سەدەیێ خەباتێ شیا شۆڕشەکا سەرتاسەری دروست بکەت و بناغێن بزاڤا رزگاریخوازا کوردستانێ و پارتی ل سەر دامەزراندی.

جوغرافیا کوردستانێ.

سەروەریا دەستهەلاتێ ل سەر ئاخا خۆ.

حوکمەکێ دیموکراسی.


کو ئەڤە هەر سێ رەگەزێن سیاسەتا نەتەوەیی نە، لەوما بارزانی مولکی هەر (40) ملیون کوردایە و مولکی هەمی ئازادیخواز و ئاشتیخوازەکێ یە و هەر ئەڤ سیاسەتا نەتەوەیی بوویە کو بارزانی دەست ل کەرکوکێ و خانەقینێ و شنگالێ بەرنەدا و دندکەکا ئاخا خۆ گەلەک ب پیرۆز زانی یە و هەمی ژیانا خۆ ژی بۆ ئازادیا وان تەرخان کربوو.

لڤێ بیرئانیان ئەڤێ پیلانا تیروریستی و بیرئینانا ئەوان پێشمەرگێن خۆ گۆریکەر کو دڤێ ریپازێدا شەهیدبوون، هزار سلاڤ ل گیانێ وانێ پیرۆز و بلند و حەتا دونیا هەیە بارزانیێ نەمر و مەزن هێما و ناسنامە و سونبول و بابێ روحیێ نەتەوا کوردە.

نەفرەت و روی رەشی ل تیرور و تیرۆریستان. سەرکەفتن ژی دێ هەر بۆ ئیرادەیا گەلێ کوردستانێ بیت.



بەشێنەیی



کاروان محەمەد سینۆ

دۆخی ئەمڕۆی بەغدا.. هەڵەی ئیدارەدانە یاخود ئیدارەدانی هەڵەکانە لە عێراقدا

بەداخەوە هەفتەی رابردوو لە کتوپڕێکدا، لەنێوان شەو و ڕۆژێک، خەڵکی شاری بەغدا و دواتر شارەکانی باشووری عێراق (نەجەف، کەربەلا، دیوانیە، زیقار و بەسرە... و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەی خواروی عێراق) بە سەدان هەزار خەڵکی سڤیل (دوور لە هەژموونی مەرجەعیەتی ئاینی و مەزهەبی و حزبی ئاینی و عەلمانی) رژانە سەر شەقام و کوچەو کۆڵانەکان. ئەمەش پێشهاتێکی نوێیە لە عێراقی پاش سەدام حوسێن، کە خەڵک دوور لە حزبەکانی دەسەڵات برژێنە سەر شەقامەکان. ئەوە هەفتەیەکە خۆپێشاندانەکان بەردەوامە و ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوانتر و تونتر و دڕندانەتر دەبێت. لە ئەنجامی خۆپێشاندانەکان (تاکو نووسینی ئەم چەند دێرە و بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی ناوخۆی عێراق) 104 کەس کوژراوە و زیاتر لە 6.107 کەس برینداربووە و بە ملیۆنەها دۆلار زیانی ماڵی کەوتووە. ئەگەرچی لەوەتەی روخانی رژێمی سەدام (2003) تاکو ئێستا، چەندین جار خۆپێشاندان و رووبەڕووبوونەوەی خەڵک و هێزە ئەمنییەکان لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق بەرپابووە، بەڵام دەتوانی بڵێین ئەمە یەکەم خۆپێشاندانە (دوای روخانی رژێمی سەدام) کە ئەوەندە خوێناوی و دڕندانە بێت، بەڕادەیەک کە راستەوخۆ رووی تڤەنگ و تڤەنگی ئۆتەماتیک و نیشانگر (قناص) بکرێتە خۆپێشاندەران و یەک دوای یەک بیان کوژن. بۆیە لێرەدا مرۆڤ هەڵوەستەیەک دەکات، ئاخۆ بۆچی ئەمجارە هەروا بەهەناسەی سارد خەڵک دەکوژرێ؟!، ئەی بۆ پێشتر خەڵک نەدەکوژرا؟! یاخو تەنها چەند کەسێک دەبوونە قوربانی!.

بۆیە لێرەدا بەشێنەیی دەتوانین بڵێین، بێجگە لە ئەجینداو هەژموونی وڵاتانی ئەقلیمی و زلهێز بەسەر رەوش و ناوەندی بڕیار لە عێراقدا، کە هەمان هۆکار و ئەگەرن لەسەر خۆپێشاندانەکانی پێشوو و ئەمڕۆی عێراق، بەڵام تاک جیاوازی نێوان خۆپێشاندانەکانی پێشوو و ئەمڕۆی عێراق، تەنها ئەوەیە کە جاران حزبێک یان چەند حزب و لایەنێکی تایفەگەر، بۆ گوشار و جێبەجێ کردنی ئەجندایەکی تایبەت لایەنگرانی خۆیان ئاراستەی شەقام دەکردو پاڵپشتی خۆیان ڕادەگەیاند و ڕابەرایەتی خۆپێشاندانەکەیان دەکرد، لەکاتێکدا ئەو حزبانە لەنێو حوکم و حوکمڕانیشدا بوو. بۆیە خۆپێشاندەران نەدەکوژران و دەستبەسەریش نەدەکران. بەڵام ئەمجارە لەبەر ئەوەی خەڵکێکی رەش و رووت خزاونەتە سەرشەقام، بۆیە لەلایەن هەموولایەنێکەوە دەکوژرێن و تەپەسەر دەکرێن. شایانی باسە هەریەکە لە هێزو حزب و لایەن و ئەجیندای هەژموندار لە عێراق، هەریەکەیان هەوڵدەدات بە جۆرێک لە جۆرەکان سواری مەوجی خۆپێشاندەران بێت و (بەشە گۆشتی خۆی بە ئاگری ئەوان ببرژێنێت). هەڵبەت هەموومان دەزانین کە کێشەو گرفت و ناسەقامگیرو نەبوونی خزمەتگوزاری و هەلی کارو گەندەڵی و کێشەکانی دیکەی عێراق، هەموو ئەمانە زێدی شەوورۆژێک نین بەڵکو ئەمانە کەڵەکەبووی گرفتی 16 ساڵی رابردووە، هەر لە کاتی روخانی رژێمی سەدامەوە تاکو ئێستا، بەڵام بۆچی ئەمڕۆ لە وادەی چەند مانگەی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی خۆپێشاندان و نارەزایی خوێناوی سەریان هەڵدا؟!. وەڵامی ئەم پرسیارە بابەتێکی قووڵەو دەرفەتی ئەوەمان نییە لەم چەند دێرەدا شلۆڤەی بکەین... . بەهەر حاڵ، حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لەماوەی 11 مانگی تەمەنی خۆیدا، ئەزموونێکی خراپی نەبووە کە ببێتە مایە ئەوەی ئەم جۆرە خۆپێشاندانە دژی بکرێ!. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپێی هەڵسەنگاندنی چاودێرانی بێلایەن لە ماوەی 11 مانگی تەمەنیدا، حکومەتی عادل عەبدول مەهدی لە هەموو حکوومەتەکانی پێشوو باشتربووە. کەواتە دۆخی ئەمڕۆی عێراق لە ئەگەری هەڵە لە ئیدارەدانی وڵات نەبووە؟!، بەڵکو دەتوانین بڵێین دۆخی ئەمڕوی عێراق ئیدارەدانی هەڵە کەڵەکەبووەکانی ساڵانی رابردووە، لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێک؟!، لەپێناو ئەمەدا هەر لایەن و حزب و گروپ و مەرجەع و ئەجندایەکی دەرەکی بەشێوەیەک لە شێوەکان ئیدارەی هەڵەکان کات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆیان. جا ئەگەر بە شێوازێکی راست و حەکیمانە بەدواداچوون و چارەسەری ئەم قەیرانەی عێراق نەکرێ؟!، ئەوا عێراق رووەو تونێلێکی تاریک ئاراستە دەبێت و لەکۆتاییدا تەنها هاوڵاتی رەش و رووتی عێراق لە رووی ماڵی و گیانی زەرەرمەند دەبن و هەڵەیەکی دیکە لەسەر هەڵەکانی پێشووی عێراق کەڵەکە دەبێت.

بۆیە لەپێناو پاراستنی عێراق لەدۆخیکی نەخوازراو، رۆژی دووشەممە 2019/10/7 سەرۆک بارزانی لەکۆبوونەوەیەکی دا لەگەڵ دکتۆر ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیتیلافی نیشتیمانی عێراق لەسەلاحەدین کۆبۆوەو هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوەکرد کە بێجگە لە چوارچێوەی دەستوری عێراق، هیچ گۆرانکارییەکی دیکە لەپرۆسەی سیاسی عێراق قبوڵ نییەو جەختیان لەوەش کردەوە کە دەبێ حکوومەتی ئێستای عێراق پارێزگاری لە ژیان و کەرامەتی هاووڵاتیانی عێراق بکات، هەروەها هەردوولا پاڵپشتی تەواوی خۆیان بۆ حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی دەربڕی بۆ بەدیهێنانی هێمنی و سەقامگیری و سزادانی گەندەڵکارانی و ئەوانەی بوونەتە هۆی خوێنڕشتنی خەڵکی بێ تاوان.

رامانەک بو خۆنیشاندانێن عێراقا فیدرال



خالد ئەحمەد بادی


ئەگەر تە ڤیا وەلاتەکی ئاڤا بکەیی، دەهـ گوللێن دەبانجێ بکە بەر چەکێ خو، نەهـ ژوان گوللەیان ئانکو فیشەکا دژی خۆفرۆش و خائینێن وەلاتێ خۆ بکاربینەو تنێ فیشەکەکێ بۆ دوژمنێ خۆ بکاربینە. چونکی ژبەر وان خۆفرۆش و خائینێن وەلاتێ تە نەبیت، چ جاران دوژمن نەوێریت ب لایێ وەلاتێ تە ڤە بهێت، دەمێ پرسیار ژ هیتلەری دهێتەکرن و دبێژنێ کیش جورێ مرۆڤان تو حەز لێ ناکەی و کەربێن تە ژێڤە دبن؟ هیتلەر بەرسڤێ ددەت و دبێژیتێ:"ئەو کەسێن ژ هەمیان پتر کەربێن من ژێڤە دبن، ئەو کەسن یێن کو هاریکاریا من کری دەما من وەلاتێ وان داگیرکری". هەروەسا یێ دار پێ دئێشیت نە بڤرە، بەلکو یێ دار پێ دئێشیت و پێ عاجز دبیت دەستکێ بڤریە، چونکە دەستکێ بڤری ژ دارێیە و ئەگەر دەستکێ بڤری نەبیت، بڤر نەشێت وێ دارێ ببڕیت.

بابەتێ مە ل دور خۆنیشاندانێن عێراقا فیدرالن کو ل حەفتی یا بۆری روویدابن ل خوارویێ عیراقێ و ل پارێزگەهێن بەسرا و بەغدا و پارێزگەهێن دی، کو ب هزارەها خەلکێ سڤێل و بێچارە و بەلەنگاز رژیانە سەر جاددان و دژی دەستهەلات و پارتێن عیراقی یێن شیعی و سوننی، ئەڤ چەندە دناڤ داخواز و دروشمێن واندا دهاتە خویابوون. دیار بوو کو خۆنیشاندەر بتنێ دژبەر و نەرازیێت دەستهەلاتێ نینن، بەلکو وەسا خویا بوو کو خۆنشاندەر دژبەرێن هەمی پارت و کەسایەتیێن سیاسەتمەدارێن وان حزبانە ئەوێن دەستهەلاتدار و ماینە ب خۆ ڤە و مللەت ژبیر کریە. یا خویایە کو هەتا نوکە ل عیراقێ ئاڤ، کارەبا و جاددە و سولێن و خزمەتگوزاریێن دی ژی نینن و وەلاتیێن بەغدا و باشورێ عیراقی برسی و تێهنینە و زێدەباری پرسێن ئەمنی کو هەر دەم مەترسیێن تەقین و هێرشێن چەکداری لسەر وانان هەیە. وەکو د میدیا و راگەهاندنا خۆبخۆیی و جیهانی دیارە کو ماوەیەکە خۆنیشاندنێن جەماوەری ژ نشکەکێ ڤە سەرێ خۆ هەلدایە ل زۆر باژێرو باژێرۆکێن عیراقا فیدرال پەیدا بووینە. لسەر مژارا ناڤئینای



زۆر دیتن و بوچونێن جوداجودا لسەر ڤان خۆنیشاندانان هەنە. هندەک لایەن و بۆچوون دبێژن "خۆنیشاندان لدور پرسێن کارگێری و دارایی و ئابوری نە. و هندەک بۆچوونێن دی دبێژن "لسەر پرسێن سیاسی نە" و زۆر بۆچونێن دی ژی دیار دکەن "کو ئەڤ خۆنیشاندانە مایتکرنێن دەرەکی نە" و هندەک ژی دبێژن "لسەر پرسێن ئیسلامی نە" و هێشتا بۆچوون و رایێن سیاسەتمەدار و زانا و شرۆڤەکارێن جوداجودا هەنە چ یێن لەشکەری چ یێن سیاسی کو باسێ خۆنیشاندانان هەنە لێ یا من دڤێت بێژم، کو ئەڤ خۆنیشاندانە بتنێ ئەجندایێن مەزهەبیەت و لێک نەتێکگەهشتنێ لپشت ڤان خونیشاندانان هەنەو جهێ داخێ یە کو بەرزەبوون و بەلکو نەدیاربوونا دەستهەلات و سیستەمەکی ئەڤ رەوشە ل عیراقێ دروست بوویە ئانکو هەر ل دەستپێکێ رەوشا عیراقا فیدرال نە یا دروست و پشت راست و ئارامە، لێ نوکە خرابتر و ئالوزتر لێ هاتیە و پتر ئەجندایێن مەزهەبیەت و سیاسی و بەرژەوەندی هاتنە دناڤ دا، پتر ژ (35) سالان سوننیێن شوڤینی دەستهەلات ل عیراقێ کر و ئەڤە پترە ژ (16) سالان شیعیێن توندرە و دەستهەلاتی ل عیراقێ دکەن و هەردووکان شیعاتی و سونناتیێ عیراق و مللەتێن عیراقا فیدرال و خەلکێ عیراقێ ب هەمی پێکهاتێن خوڤە یێن ئایینی وم ەزهەبی و جوگرافی ژ کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئیزدی و موسلمان ڤە بەرەڤ ئاقارێن بەرزە برن و عیراقا پڕی خێروبێر و سامان و داهات کرە عیراقەکا برسی و شاشی و خرابی و تیرور و توندرەوی و کوشتن و ڤەبڕ و عیراقا فیدرال کرە بنگەهەک و پەناگەهەک بو سەرانێن تیر و تیرۆرستان. لدوماهیکێ دێ بێژم چەندی رێژا مەزهەبیەت و عەشائیریەت و مەحسوبیەت هەبیت دێ پتر نەزانین و جاهلیەت و رەوشا ئالوزتر هەبیت و دێ عیراق پتر بەرەڤ بێ سیستەمیێ ڤە چیت و دێ ئەو رەوشا نوکە هەیی بەرەڤ ئالوزتر ڤە چیت .

دینداری و خۆشەویستی نیشتمان لەیەکتری جیاناکرێنەوە



وەیسی سەعیدوەیسی

بوونی نەتەوە و گەلی جیاواز و زمان و رەنگ و روخساری جۆراوجۆر یەکێکە لە نیشانەکانی باڵادەستی و هێزی خوای گەورە و هیچ کات ڕێگەی نەداوە ئەم جیاوازیە ببێتە هۆکارێک بۆ چەوساندنەوە و ستەم کردن، بۆیەش مافی ئاسایی هەر مرۆڤێکە کە شانازی بەبوونی نەتەوەیی خۆی بکات و خاک و نیشتمانی خۆشی لەلا پیرۆزە و خۆشەویست بێت، چونکە هەر کەسێک بەبیانووی ئایینەوە دژی هەر نەتەوە و گەلێک بێت ئەوا لەڕوانگەی ئیسلامەوە تاوانبارە چونکە دژی ویستی خوای گەورە وەستایەتەوە کە لە (333) ئایەتدا ل ەقورئانی پیرۆز خوای گەورە باسی نەتەوە و گەلی جیاجیای کردوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا بەبێ نرخی یان جیاواز باسی لە هیچ نەتەوەییێکی تر نەکردوە تەنانەت مەبەستی سەرەکی خوای گەورە لە بوونی نەتەوە و زمان و فەرهەنگی جیاواز خۆی لەیەکێ لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دیاری کردوە کە دەفەرمووێ (وجعلناکم شعوباو قبائل لتعارفوا)، بۆیەش لەم چوارچێوەیەدا گەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین بۆمان دیار دەکەوێت کە ڕێگا دراوە قورئان بە (7) شێوەزار (لهجە) بخوێندرێتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیێکی ترە لەسەر ڕێزگرتن لە نەتەوەوگەلی جیا. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئاسایی خۆیەتی شانازی بەناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات و خاک و نیشتمانی خۆشی خۆش بوێت کەخودی پێغەمبەری ئیسلامیش ئەم هەستەی لەلابووە و شاری (مەکە)ی شوێنی لەدایکبوونی خۆی خۆش و یستوە تەنانەت ئەوساتەی شاری مەکەشی جێهێشتوە زۆر بەدل خەمباری و گریانەوە دەستبەرداری بووە، هەرئەمەش نا بەڵکو بەرگری کردن و پارێزگاری لە خاک بە چاکترین ئەرکی داناوە (خیرکم المدافع عن عشیرتە ما لم یأثم)، وێرای هەموو ئەمانەش هیچ کات ئایینی ئیسلام ڕێگای نەداوە هیچ گەل و هۆزێک لە ژێر هەر ناو و بیانوویێک دەستدرێژی یان هێرش بکاتە سەر هیچ نەتەوەێک، تەنانەت مافی پارێزگاری و بەرگریکردنیشی بە کارێکی رەوای هەموو تاکێکی داناوە (فمن اعتدی علیکم فاعتدوا علیە بمثل ما اعتدی علیکم).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی سەرەوە گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی خاک و کوردستانی خۆی خۆش بووێت و بەرگری و پارێزگاری لە کیانی نەیەوەیی و بوونی نەتەوەیمان بکەین چونکە بڕوا و ئیمانی مرۆڤی موسڵمان ئەوکات تەواودەبی کە لەگەڵ دینداریەکەی نیشتمانیشی خۆش بوێت، چونکە گرنگە هەمیشە مرۆڤی ئایینپەروەر نیشتمانپەروەریش بێت، هەر ئەمەشە وادەکات کاتێک جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ بارەگای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی، بەرێزیان داوای لە مامۆستایانی ئایینی ئیسلام کرد کە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە پەروەرکردنی خەڵک لەسەر ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری، چونکە هیچ کات لەیەکتری جیاناکرێنەوە تەنانەت ئەوەی دیندار بێت دەبێ نیشتمانپەروەریش بێت، بۆیەش گرنگە لەم قوناغەشدا زیاتر کاربکرێت لەسەر بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی کە بەداخەوە زۆر جاران بە پیلانی دوژمنان و لەژێر ناوی ئایینی ئیسلامەوە هەوڵ دەدرێت لاوانمان لە هەستی نەتەوەیی دووربخەنەوە کە گوایە خۆشەویستی کوردستان تاوانە کە ئەمەش بەر لە هەرشتێک پێچەوانەی خودی ئیسلامە چونکە چۆن هەر گەلێکی دونیا مافی خۆیەتی خاوەنی نیشتمانی خۆی بێت. کەواتە گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی خاوەنی نیشتمان و دەوڵەتی خۆی بێت، ئەوەندەی گەلی کوردستانیش خزمەتی ئیسلامی کردووە بڕواناکەم هیچ گەلێکی تری دونیا بەم شێوەیە خزمەتی کردبێ، تەنانەت کەسایەتی بەناوبانگی ئیسلام (محەمەد غەزالی) دەڵێ ئایینی ئیسلام لەسەر سێ ستوون و کۆڵەکە وەستاوە ئەم سێ ستونەش بریتین لە (دینەوەری و ئامێدی و شارەزووری) کە هەرسێکیان کوردن، بۆیەش خزمەتەکانی کورد بۆ ئیسلام گەلێک زۆرن تەنانەت هەمیشە کێشەی گەلی کوردستان کێشەی ئایینی نەبووە، بەڵکو کێشەی نەتەوەیی و خاک بووە کە ئەنفال و کیمیابارانکراین، بۆیەش دەبێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنەدرێت دینداری و خواپەرستی خۆشەویستی خاک و نیشتمان لەیەکدی جیابکرێنەوە.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٥٦٧٠ بەرووار ٢٠١٧/١٠/٩ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ئاری انور علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە یەکەی (٧٠) لیوای (١١٤)ی کەرکوك فەوجی(٣) بەناوی(یوسف وسیان احمد) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٣٤١٩٤٩٩)

***

ون بوون

بڕوانامەیەکی ئامادەی (هندرێن)ی ئێواران بەناوی (هاوڕێ محمد حسن) کەقوتابی ئامادەی ناوبراو بووە بۆسالّی خوێندنی (٢٠٠٨/٢٠٠٧) لەپۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەرنەچووە وبەهۆی تێپەڕبوونی ڕۆژانی نەهاتنی لە بەرواری ٢٢ / ٩ / ٢٠٠٨ گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (دانا) بەپێی بروانامەی ژمارە ١٧ لەسنری پەروەردەی گەرمیان ،بەڵام بروانامەکەی وونکردوە،هەرکەس دەیدۆزێتەوە ببهینی بۆڕۆژنامەی خەبات.

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچون و ئامار
ژمارە ٢٠١٩/١٠١٨
ڕێکەوت ٢٠١٩/١٠/٧
ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (فاتح احمد غفور) بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە / سنوردار ئاگادارت ئەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای بریکاری جێبەجێکردن بڕیاری داوە بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر سەرجەم پشکەکانی کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە / سنوردار لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٣٠ وە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانیەوە لە ٢٠١٩/٧/٣٠ دا حجز دانراوە لەسەر هەموو پشکەکانی کۆمپانیای ئامادەبۆکراوی سەرەوە پاش ئەوەی لە بەرواری ٢٠١٩/٨/١ دا ئاگاداری بەڕێزت کراوەتەوە بە دانانی حیجز لەسەر پشکەکانی کۆمپانیای ئامادەبۆکراوی سەرەوە لە ٢٠١٩/٨/٦ دەرکەوتووە شوێنت نادیارە.
بۆیە لە ڕێگای ٢ ڕۆژنامەوە ئاگاداری بەڕێزت کراوەتەوە بە دانانی حیجز لەسەر پشکەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە / سنوردار لە ڕۆژنامەی خەبات بە ژمارە ٥٨١٠ لە ٢٠١٩/٨/٢٠و ڕۆژنامەی یاری بە ژمارە ١٣٦٠ لە ٢٠١٩/٨/٢١
سەرەڕای تێپەڕبونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ئاگادارکردنەوەتدا هەڵنەستاوی بە بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بۆیە لەسەر داواکاری بریکاری خاوەن قەرز پارێزەر / توانا دارا حسین خەملاندن بۆ پشکەکانی کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە / سنوردار کراوە لە لایەن شارەزاوە لە ٢٠١٩/٩/٢٥ دا و بڕی ١ پشك خەملێنراوە بە (٠,١) دینار
لەبەر ئەوەی کۆی پشکەکانت (١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و دوسەد ملیۆن پشکە
هەر بۆیە دەکاتە ١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیار و دوسەد ملیۆن دیناری عێراقی لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لە ڕێگەی شەرحی پێڕاگەیەنەری دادی و موختاری گەڕەکی ڕزگاری تازە کە شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە بڕیارماندا بە ئاگادار کردنەوەت لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا ئەوەش دەست پێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە پشکەکانت لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکراوە دەفرۆشرێ جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

دادگای باری کەسیەتی تەق تەق
ئاگاداری
ژمارە/ ٧٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٣
داواکار/ خۆزگە عمر حاجی
داوالێکراو/ دارا نامق جلیل/ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
ئەم دادگایە لەداوای ژمارە(٧٥/ش/٢٠١٩) لەبەرواری(٢٠١٩/٩/٢٤) بڕیاریداوە بە جیابونەوەت لەداواکار وە هەژمارکردنی جیابونەوەکە بەتەڵاقدانێکی لێکترازانی بچوك کە بۆت نیە هاوسەرگیری لەگەڵا داواکار بکەیتەوە تەنها بە گرێبەستێکی تازە نەبێت وە خستنە ئەستۆت خەرجیەکانی داوا وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بە بڕیارەکە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە مافی تانە لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای ناڕەزایی بوون و پێداچوونەوە لەماوە (١٠) دە ڕۆژ لەبەرواری بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە.
دادوەر/ محسن صالح محمود

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار- یەك
ژمارە / ١٧ /
ریکەوت / ٦/ ١٠ /٢٠١٩
ئاگاداری
بەپێی ئەو داواییەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە،بەناوی (غازی مجید عزیز) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (روافدالنهرین) بۆ دروست کردنی الواح P.V.C کە لە (کەلار / پیشە سازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.
ژ ا ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی ا
١- ا ئامێری دروستکردنی p.v.c ا ٢٩٦٦١ ا تورکی ا ٢٠١٣ ا ٨٠ ئەمپێر ا
٢- ا ئامێری دروستکردنی p.v.c ا ٢٩٦٣٠ ا تورکی ا ٢٠١٣ ا ٨٠ ئە مپێر ا
سیامند محمد صالح/ دادنووسی یەکەمی کەلار
٦ / ١٠ / ٢٠١٩

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٠٠٤
ریکەوت : ٦/ ١٠/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سالّانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی ڕزگاری، (صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حسین محمد فرج) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٦٠٥٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٠٠٢
ریکەوت : ٢/ ١٠/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە سالّانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی ڕزگاری، (صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (خاور احمد قادر) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١١٠٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٥٨٣ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٧
پێڕاگەهاندن
بۆ / قەردار (شرینة نجیب عبدالقادر)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا قێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکاربن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٥٢٥/ش٢/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (لاوان جلیل مولود)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (بیگرد شیرزاد مجید) داوای ژمارە (٤٥٢٥/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی روناکی) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخێیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٦, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٠٤٧/ش/٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار/ ارکان عثمان احمد ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ یەنی کارولین ناونیشان: نادیارە
داواکار (ارکان عثمان احمد) داوایەکی بەژمارە (٢٠٤٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٨/٢٨) بڕیاریدا بە (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لە ماوەی یاسایدا هەلنەستیت بە تانەلێدانی پیاچوونەوەی بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ د. سردار علی عزیز

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە مولّکی ژمارە ٩٤/٨٨ لە کەرتی ٤٤ وارش لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/٩/٣٠ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی سالّی/١٩٧١ی هەموارکراو بێنی داوم بریارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە:١٩٥٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو/ (پێشەوا حسێن یوسف)
داواکاران (هادی و عبدالامیر و نرمین و نیشتیمان و ئاراس و ئاواز و احلام و کردستان مندالانی ڕۆستم صابر) داوای ژمارە (١٩٥٢/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی عەربی کۆن و نوێ و سعدوناوە) لە (٢٠١٩/٩/٨) بڕیە دادگا بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت بە ئامادەبوونی خۆدی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادبینی (٢٠١٩/١٠/٢٧) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادوستی

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەولێر/١
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە مولّکی ژمارە
ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TOP CRETE INTERNATIONAL) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگەهداری
ئاگاداری گشت لایەکی دەکەینەوە کۆمپانیا (السدن) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە لەوما بۆیە هەرکەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری – هەولێر)
پاکتاوکار / محمد نجم الدین شکور
ناڤ ونیشان / هەولێر - بەختیاری
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٢٤٠١٦

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (نوڤارو) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهەناردە / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / بژان جعفر محمد سلیم
ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٧٤١٧٢٤٦

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٥٤٢٨/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٨
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەویانەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی سالّی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی ١٥ یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ١/١٠٣ ك ٨ تورەق ڕووبەر/ ١٠٤٣,٩٨م٢ جۆری بەکارهێنان/ سوپەرمارکێت ماوەی بەکرێدان/ ٢٠ سال.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٧٥٢٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (السدن) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (السدن) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد نجم الدین شکور) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٧٥٢٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TOP CRETE INTERNATIONAL) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TOP CRETE INTERNATIONAL) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد نجم الدین شکور) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

زارێ یەکەم فیلمی کوردی



حەیدەر عەبدولڕەحمان

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش و بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەی لە 21ی ئاداری 1921لەنێوان روسیاو تورکیادا ئەنجام درا، هەردوو ناوچەی (قارسو واردهان) گەڕاندرانەوە بۆسەر تورکیا و ئیدی تەنها چەند هەزار کوردێک لەئەرمینیا مانەوە .

ڕۆژهەڵاتناسی رووسی (لازاریف) لەوتاریکیدا (کوردو مەسەلەی کورد) لە ژمارە 12ی ساڵی 1983ی گۆڤاری (ئاسیاو ئەفریقیای ئەمڕۆ) بڵاوی کردۆتەوە، ئەوە روون دەکاتەوە کە ڕێژەی کوردەکان لەیەکێتی سۆڤییەتی ئەو کات، گەیشتۆتە لەسەدا یەک، ڕێژەی تێکڕای گەلی کورد.

دەسەڵاتدارانی قەیسەریش وەک عوسمانییەکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە، کورد ژێردەستەی خۆیان بکەن، ئەوەتا (مینورسکی) لەکتێبە ناوبراوەکەی دا پشت بە راپۆرتە نهێنییەکانی دبلۆماسی و سەرکردە رووسییەکانی شەڕ دەبەستێت، ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کات شەڕو شۆڕ لە هەرێمی قەوقازدا بەرپا بووایە، ئەوە بایەخدان بەکوردەکان لەو ساتانەدا زێتر دەبوو، ئەوەتا لەشەڕی رووسیادا تورک لەساڵی 1829چوار تیپی ئیسلامی هەبوو، یەکێک لەو تیپانە کورد بوون، کە لە 400 سوارچاک پێک هاتبوون، سەرکردەکەیان رووسی بوو، یاریدەدەرەکەشی کورد بوو، هەروا لە شەڕی (قرم) دوو تیپی سەربازی کورد هەبوون کە یەکێکییان لە قارس و ئەوی دیکەیان لە یەریڤان بوون .

وێڕای هەموو ئەمانەش تێکڕای راپۆرتەکان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکان ئەوساتە بەکاری لەوەڕگاو رەوەندی و شوانکارییەوە خەریک بوون، هەرگیز ژیانێکی سەقامگیرییان نەبووە، چونکە خاکی ئازادی خۆیان نەبووە، بۆهەمیشە لەژیانێکی کولەمەرگی و کوێرەوەری و نەخوێندەواری ژیاون، تەنانەت لەسەردەمی رووسیای قەیسەردا لەنێو 125 هەزار کورد تەنها دوو قوتابییان تێدا هەبووە، بەڵام دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەسەڵاتی نوێ بایەخێکی باشتری بەکورد دا و هەوڵی دا کە بارێکی سەقامگیر بۆ کوردەکان دابین بکات و لەو ژیانە کولەمەرگییە نەخوێندەوارییەی هەیان بوو رزگارییان بکات .

لەسەرەتای بیستەکاندا و بەپشتگیری ئەو دەسەڵاتە ساوایەی کە هێشتا دووچاری نەخۆشییە درمە بیرۆکراتی و حزبایەتی و توندو تیژی نواندن ببووە، بەرامبەر بە بەرهەڵستکاران و زۆر شتی تر دەبۆوە، خەونی بەکۆمەڵگایێکی مەدەنییەوە دەبینی، تا لەو ساتانەدا سینەما کارە سۆڤییەتییەکان سینەمای نەتەوەیی خۆیان لەئاسیای ناوەڕاستدا دامەزراند، لەنێوان ئەوانیشدا سینەماکارە ئەرمەنییەکان بوون کە لەنێو هەلو مەرجێکی تەنگەتاودا هەوڵی دروست بوونی خۆیان دەدا، لەوانەش دەرهێنەری ناوداری ئەرمەنی (ئاموبیک نزاریان) ی ناسراو بە(نزارۆف بەگ) کە بە یەکێک لەگەورەترین دەرهێنەرە سۆڤییەتیەکان هەژمار دەکرێت، لەساڵانی بیستەکانداو یەکێکیشە لە دامەزرێنەرانی سینەمای نەتەوەیی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست .

ئیدی ناوی (نزارۆف بەگ) هەر تەنها پەیوەست نیە بەمێژووی سینەما نەتەوەییەکان بگرە ناوی بەگرنگترین ئەو فیلمانەوە بەندە کە لەو سەردەمەدا لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەتەوە بەرهەم هێندراون، لەوانەش یەکەم فیلمی سۆڤییەتی دەربارەی کورد .

نەزارۆف بەگ -پێش ئەوەی لەئەرمینیا کار بکات چەندین فیلمی لەکۆماری جۆرجیای سۆڤییەتی بەرهەم هێناوە، لەوانەش فیلمی باوک کوژ- 1922گەنجینەی دزراو - 1924ئەنتیلا 1925هەر لەو ساڵانەشدا کەبۆ کارکردن هاتبووە ئەرمینیا ، فیلمە بەناوبانگەکەی نامووس- 1923ی بەرهەم هێنا ، ئەم فیلمە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بۆ نەزارۆف هەبوو، چونکە بایەخێکی زۆری دابووە کولتووری رۆشنبیریی و نەتەوەیی گەلەکەی و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی گرنگی بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە خستبووە روو ، سەرکەوتنی ئەو فیلمە لەئاستی هونەریی و جەماوەریدا وای لە نەزارۆف کرد کە زێتر خۆی بۆ کێشە و ئەشکەنجەوئازاری گەلانی رۆژهەڵات تەرخان بکات، ئەوەبوو لەساڵی 1926ئەو دەرهێنەرە گروپە سینەماییەکەی خۆی کۆ کردەوە بەرەو هەرێمی چیاکانی ئاراکاسی - هەڵکشان، کە هەرێمێکی کورد نشینە، بۆ ئەوەی لەوێ فیلمە درێژەکەی خۆی (زاریا -واتە زارێ) تۆمار بکات، کە تێیدا باس لەژیانی کوردەکان دەکات لە سەردەمی رووسیای قەیسەری دا.

نزارۆف بەگ -لەکتێبی (یاداشتی ئەکتەرو دەرهێنەرێکدا) کە لە ساڵی 1965لەمۆسکۆ دەرچووە باس لەئەزموونی سینەمای خۆی دەکات، بەتایبەت ئەزموونی لەگەڵ فیلمی زارێ و لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کەچۆن لەکاتی بەرهەم هێنانی ئەو فیلمەدا هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆی لەبەر دەست دا نەبووە، کە باس لەمێژووی کوردو ژیانی کوردەکان بکات، خۆشی زانیارییەکی ئەوتۆی لەم بارەیەوە نەبووە، تەنها شتێکی کەم نەبێت، بۆیە دەستی کردووە بە گەڕان بەدوای داب و نەریت و رەوشت و مێژوو خێڵەکانی ئەو نەتەوەیە، لەم بارەیەشەوە کۆمەڵێ لیستی نووسیووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی چەندین لایەنی گرنگی ئایینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ژیانی رۆژانەی خێزان و تێڕوانینی ئەوان دەربارەی گەلێ لایەنی پەیوەست بەژیان و چەند پرسیارێکیش دەربارەی (لازۆ) ی نووسەر کە یەکەم نووسەرێک بووە ئەلف و بێی کوردی بۆ کوردەکان لەوڵاتی سۆڤییەتدا داناوە، چەندین پرسیاری تر.



فیلمی زارێ چیرۆکی ئەڤینداری نێوان کورو کچێک دەگێڕێتەوە لە یەکێ لەگوندە کورد نشینەکاندا، کوڕەکە شوانکارەیەکە و ناوی سەعیدە و (نیر سیسلییت) ی ئەکتەر دەوری دەبینێ، کچە هەژارێکیش کە ناوی زارێ یە (تینازی) دەورەکەی دەبینێ، دەرەبەگێکی گوندەکەش ئەگەرچی ژنیشی هەبووە، کاتێ بەخۆشەویستی نێوان سەعیدو زارێ دەزانێ، بەخیلییان پێ دەباو لەسەر ئەوە سوور دەبێت کە زارێ بۆ خۆی بخوازێت، بەڵام لەو دەمەدا جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵدەگیرسێ و دەسەڵاتدارانی قەیسەر بڕیار دەدەن کە لاوە کوردەکانیش پەلکێشی ئەو شەڕە کاولکارییە بکەن، سەعیدی ئەڤینداربەکێ لەو کۆمەڵە لاوە دەبێت کە لەو گوندەدا رەوانەی ئۆردوگاییکی سەربازی دەکرێ لەنزیک گوندەکە، ئیدی لەو کاتانەدا کە کاروانی سەربازەکان بۆ ئاو خواردنەوە لەتەک کانییەکاندا وچان دەدەن بۆ ئاو خواردنەوە، سەعید دەرفەت وەردەگرێت و را دەکاتە نێو ئاوایی،کەچی کە تەیموور بەگ ئەمە دەزانێ فرمان دەداتە پیاوەکانی کە سەعید پەلبەست کەن و رادەستی بکەنەوە و بیخەنە زیندان، کاتێکیش کە زۆربای برا گەورەی زارێ بەبرینداری دەگەڕێتەوە، برینەکەی زۆر سەخت و دژوار دەبێت، لەنێو گریەو هاواری کەسو کاری گیان لەدەست دەدات .. بەگ بێ کەسی زارێ بەدەرفەت دەزانێ، بۆیە فرمان دەداتە پیاوەکانی زارێ پەلکێش کەن و بەزۆر لەخۆی مارە دەکات، بەڵام زارێ زۆر ئازایانە بە روویدا دەوەستێ و نایەڵی بەهیچ شێوەیەک بەگ لێی نزیک بێتەوە، ئا لەو کاتەدا(خدۆ) ی برا بچووکەکەی زارێ، بۆ رزگار کردنی خوشکەکەی تەقە لەبەگ دەکات و برینداری دەکات، بەڵام پیاوانی بەگ زوو فریای دەکەون و بەخەنجەر خدۆ دەکوژن، دوای ئەوەش کە بەگ چاک دەبێتەوە بە زۆرە ملێ زەماوەندی خۆی لە گەڵ زارێ دا دەگێڕێت، کە سەعید بەم هەواڵە تاڵە دەزانێ بۆ تۆڵەسەندنەوە خۆی و هەندێ لەهاوڕێیانی لەبەندیخانە رادەکەن ..

کاتێ بەگ لە بەردەم خۆ بەدەستەوە نەدانی زارێ دووچاری بێ ئومێدی دەبێت، بەئامانجی سووکایەتی پێکردنی، دەنگۆی ئەوە لەئاواییدا بڵاو دەکاتەوە کە گوایە زارێ کچ نیە، لە تۆڵەی ئەوەش سەرەو ژێر، زارێ سواری گوێ درێژێ دەکەن و دەموو چاویشی سواغ دەدەن و هەتکی دەکەن ، ئینجا لەناو تیرو توانجەوە بەئاواییەکەدا دەیگێڕن، تا لەو کاتەدا سەعیدو هاوڕێکانی دەگەنە ئەو شوێنەو تەیموور بەگ و پیاوەکانی دەکوژن، ئینجا زاریش لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و روو دەکەنە چیا ..

ئەم فیلمە لە ساڵی 1927 دوای فیلمی (ئایزنشتین) نیشاندراو دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو لەرۆژنامەکانداو بوو بەمایەی رەزامەندییەکی زۆری خەڵکی، بەڵام دەبێ بۆ مێژوو خۆمان لەو راستییە هەڵنەبوێرین کە فیلمەکە وێڕای ئەو سەرکەوتنەش نەگەیشتە ئاستی فیلمی (ناموس) ی هەمان دەرهێنەر



لەم فیلمەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە فیلمەکە کاریگەرییەکی زۆری (ئایزنشتین) ی بەسەرەوەیە، بە تایبەت لەرووی بەکارهێنانی خەڵکی رەمەکی دوور لەناوەندی هونەریی، هەروەها لەرووی دەربڕینی روخساری سروشتی خەڵکی سادە و وردەی ژیانی رۆژانەی ئەوان بەشێوەیەکی رەمزی، هەروەها دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە کە ململانێی تاکە کەسی بگوازێتەوە بۆ ململانێیەکی گشتی و پەرەپێدانی هێڵی درامی رووداوەکان و پاشان تەقاندنەوەیان لە کۆتایی فیلمەکەدا بە شێوەیەک کە ئەم کۆتاییە دەستپێکێکی نوێ بێت بۆ ململانێیەکی توندو تیژترو کاریگەرتر ..

(نزارۆف بەگ) لەرێگەی کەسایەتیەکی وەک سەعید توانیوویەتی بەرجەستەی سیمای رۆژهەڵاتیانەو پۆزەتیفانەی پاڵەوانەکە بکات، جوامێری و بوێری و ئازایی ئەو دەربخات، دەرهێنەر لەرێگەی کەسایەتی سەعید-ەوە چمک و فەلسەفە نویکانی خۆی بەکەسایەتیە مرۆییەکان و بەرەو پێشڤەچوونی هوشیاریی و تێگەیشتنی ئەوانەوە دەرنەبڕیووە، وەک (سابیررەزاییف) لە کتێبی (سینەمای داستانی ئەرمەنی) دا کە ساڵی 1963لە یەریڤان دەرچووە ، باسی لێوە کردووە، بەڵکو لەرێگەی کەسایەتییەکی شێتی وەک خدۆی برای زارێ کە کەسایەتییەکەی لەکەسایەتی سەعید کەمتر نیە ئەمەی دەربڕیووە، چونکە گۆڕانکارییەکی گەورەو خێرای هزری و دەروونی لەم کەسایەتیەدا درکی پێ دەکرێت،کە رەنگە رەسم کردنی ئەو کەسایەتیە لەکەسایەتی سەعید روونترو ئاشکرا تر بێت، بینەر لەسەرەتادا تەنها وەک شێتێک ئاشنا بەخدۆ دەبێت، بەڵام لەگەڵ بەرەو پێشڤەچوونی رووداوەکان و روو بە روو بوونەوەی لە گەڵ جەندرمەکانی دەسەڵاتی قەیسەری و تەیموور بەگ و پیاوەکانی، هوشیاریی ئەو فرەوانترو قوڵتر دەبێتەوە، بەتایبەتیش دوای مردنی (زۆربا) و بەند کردنی سەعید .

نزارۆف بەگ -لەرێگەی کەسایەتی خدۆوە توانی بەقەد توانا و لەسنوورێکی دیاری کراودا شتێک بخاتە سەر ئەو هەوڵانەی نراون بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە روو بەرووی سینەمای ساوای سۆڤیەتی ببوونەوە، بەتایبەت ئەوانەی کەپەیوەست بوون بەکاری بەرجەستە کردن و نەشوو نووما کردنی کەسایەتی درامی لەسەر پەردەی سینەمادا، یان وەک رەخنەگری ناسراوی رووسی (تشیرنشیفسکی) لەزانستی ستاتیکادا ناوی ناوە (دیالیکتی رۆح).

نزارۆف لەم فیلمەدا توانی تا رادەدەیەکی زۆر لەکەشو هەوای کوردی و سیماو خەسلەتەکانی کەسایەتی کوردی نزیک بێتەوە، بەڵام لەم پێودانگەشەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا نزارۆف توانی ئەو سیماو خەسڵەتانەی گەلی کورد لەفیلمی (زارێ) شدا بخاتە روو؟

دەڵێین نەخێر وەک پێویست ئەم ئاواتەی ئێمەی بەدی نەهێناوە، لەبەر کۆمەڵێک هۆ، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە دەرهێنەر شارەزاییەکی ئەوتۆی لەکولتوورو کەلپووری کوردی نەبووە، رووداوی فیلمەکەش لەئەرمینیا بووە نەک لە کوردستان، ئامانجی سەرەکی دەرهێنەریش هەر ئەوە بووە کە چەند خەسڵەتێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و چینایەتی و قۆناغی ئەو سەردەمە نیشان بدات، کەمتر بەلای پرسە نەتەوەییەکانی کورد وەک نەتەوەیەکی پارچە پارچە بووی پەرشوبڵاو نیشان بدات، بەڵکو هەستی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بەسەر تەواوی فیلمەکەدا زاڵە.

ئەگەرچی دەرهێنەر لەهەندێ دەوردا پشتی بە چەند ئەکتەرێکی نەناسراو بەستووە، بەڵام نواندنێکی ئەوەندە رێکو پێکییان کردووە کە بینەر جوداییەکی ئەوتۆلە نێوان ئەکتەری ناسراوو ئەکتەری نەناسراودا نەکا، دەشتوانین ئەوە بڵێین کە بەهۆی ئەو هەلو مەرجە تایبەتیەی لە کاتی تۆمار کردنی فیلمەکەدا هاتوونەتە پێش و لەبەر کەمی ماوەش زۆر وردەکاری گرنگ لە دەست دەرهێنەر دەرچوونە، ئەگەرچی فیلمەکە لەرەسەندا بەبێدەنگ تۆمار کرابوو، بەڵام دەرهێنەر توانی لەسیییەکاندا دەنگ بخاتە سەر فیلمەکە، ئێستاش تەنها دوو دانە ل فیلمەکە لە مۆسکۆ پارێزراوە، یەکێکیان بەزمانی رووسییە.

ساتەکانی نێوان مەرگ و ژیان لە ڕۆمانی شورەییدا



سەدیق سەعید ڕواندزی

ڕۆمانی شورەیی، چیرۆکی توندوتیژی ئیسلامییە توندڕۆکانی بەنگلادیش بەرامبەر هیندۆسەکانی ئەو وڵاتە بەگشتی و خێزانێکی هیندۆسیش کەلە شاری تیکاتۆلی دەژین بە تایبەتی دەگێڕێتەوە. چیرۆکێک کە هێمای دڵڕەقی و شکاندنی شکۆی مرۆڤ و بێ بەها کردنیەتی، لە پەراوێزی ناسنامەی ئایینی.سەرەتای ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕووخاندنی مزگەوتێک لە وڵاتی هیندستانەوە لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوولەلایەن دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات. مزگەوتەکە ناوی(بابری) یەو کەوتۆتە شوێنێکی هیندۆس نشین. ئەم ڕووداوە، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، کاردانەوەیەکی توندی لێدەکەوێتەوە و بەو پێیەی ئیسلامییەکان بە پیلانی هیندۆسەکانی دەزانن و زۆربەی دانیشتووانی هیندیش هیندۆسین، ئیدی هیندۆسەکانی وڵاتی بەنگلادیش، لە تۆڵەی ڕووخانی مزگەوتەکەوە دەکەونە بەر شاڵاوی دەستدرێژی ئیسلامییەکانی بەنگلادیش و هەزاران شوێن و پەرستگەی ئایینی هیندۆسەکان وێران و خاپوور دەکەن و هاوکات هەزاران گەنج و ژنی هیندۆسیش دەرفێنن و ئەتکیان دەکەن و دەیانکوژن. ڕۆمانەکە، چرکەساتی ڕووداوەکان لە سەردەمی خێزانێکی هیندۆسی دەگێڕێتەوە. چرکەساتێک کە دەکەونێتە نێوان مەرگ و ژیان و هەموو کاتێک مرۆڤ لە چاوەڕوانی ئەوە دایە بکوژرێت.ئەو خێزانە لە دایکێک و باوکێکی خانەنشین و کچێکی گەنج و برایەک پێکهاتووە، دوای ئەوەی هیندۆسەکانی بەنگلادیش دەکەونە بەر توندووتیژی، ئیدی ئەو خێزانەش وەک هەموو خێزانێکی دیکە، دەکەونە بەر دەستدرێژی وباجی ڕووخاندنی ئەو مزگەوتە دەدەن کە سەدان میل لەوانەوە دووره.

سودهاموی باوک پزیشکێکی خانەنشینە ،پێشتر بۆ ساڵانێکی زۆر لە ڕێزی ئازادیخوازەکانی بەنگلادیش لە پێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەی جەنگاوە، وەک تێکۆشەرێکی ڕێگای نیشتمان، باوەڕی بەوە هەبووە، کە وڵات لە دەستی پاکستان ئازاد دەبێت و دەبنە خاوەنی خاک و ئاڵاو نیشتمانی خۆیان. هەربۆیە بەنگلادیش بە وڵاتی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت و لە سەرەتادا ئامادەنییە وەک سەدان هەزار هیندۆسی تر، کۆچ بکات بۆ هیندستان. سودهامو بڕوای وایە، بەنگلادیش هەر تەنها وڵاتی ئیسلامییەییەکان نییە، بەڵکو هی هندۆسەکانیشە ،چونکە هەموویان بێ جیاوازی بۆ ئازادبوونی تێکۆشاون، کە واتە بۆچی دەبێ مافی ئەوەی نەبێت لەوڵاتێک بژی کە خوێنی بۆ داوە و تێکۆشانی لە پێناودا کردووە؟بۆیە لە نێوان ئەودۆخە پڕ لە ترس و دڵڕاوکێییە دەمێنێتەوە. ڕۆژانە بلێسەی توندووتیژییەکان زیاتر دەبێت و ئیسلامییەکانی بەنگلادیش ڕووخانی مزگەوتی بابری دەکەنە پاساوێک بۆ ئەوەی هیندۆسەکانی وڵاتەکەیان ئازار بدەن و بیانچەوسێننەوە.سورنجان کە کوڕی سودهامویە، گەنجێکی بێ کارە، بڕوای وایە بەنگلادیش کەوڵاتێکی ئیسلامییە، هەرگیز نابێتە وڵاتی هیندۆسەکان و ئەو خەباتەی باوکی کردوویەتی، هەرگیز ناتوانێت هاوشێوەی ئیسلامییەکانی لێ بکات. چونکە ئەوان ئایینێکی جیاوازیان هەیە و شوێنی ئەوان هندستانە. بەڵام خێزانەکەی ناتوانن بە ئاسانی پشت بکەنە نیشتمانێک کە بە هی خۆیانی دەزانن، گەرچی دڵنیاشن لەوەی کە هاوشێوەی هەزاران هیندۆسی دیکە، ئەوانیش دەکەونە بەر شاڵاوی ئەو توندووتیژییانە و باجی هیندۆسیبوون دەدەن.سودهاموی باوکی بەردەوام ئەو پرسیارە دەکات کە بۆ دەبێ لە وڵاتی خۆی نامۆ بێت و بڕوات؟ لە کاتێکدا وەک هەموو ئیسلامییەکان خەباتی لە پێناو سەربەخۆیی بەنگلادیش کردووە. وەلێ هیندۆسەکان وەک تەنێکی نامۆ دەبینرێن و بە هاووڵاتی کەمتر لەوانی ترتەماشا دەکرێن و بەنگلادیشییەکان پێیان وایە دەبێ ئەوان بچنەوە لای هیندۆسەکانی هیند. دوای ڕووخانی مزگەوتەکە، پرووشکی توندووتیژییەکان بەنگلادیشیش دەگرێتەوە و بەو هۆیەوە هەزاران شوێن و جێگە و پەرستگەی هیندۆسەکان لە تۆڵەی مزگەوتەکە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دەڕووخێنرێت. سەدان کچ دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، هەزاران ماڵ دەسووتێنرێن و خاپوور دەکرێن. خێزانی سودهاموش، وەک هەموو هیندۆسەکانی دیکە لە نێو ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەدا دەمێننەوە و ڕۆژانە لە چاوەڕوانی ترسی ئیسلامییە توندڕۆکان دانە ئاخۆکەی پەلاماری ئەوانیش



دەدەن.ژیانی ئەو خێزانە، هاوشێوەی هەموو هیندۆسییەکانی ترە، کە لە تۆڵەی ڕووخاندنی مزگەوتی بابری، کەوتۆنەتە ترس و فۆبیاو لە چاوەڕوانی کوشتندان. مایای کچی ئەو خێزانە، لە هەمووان زیاتر هەست بە ترس دەکات، چونکە ئەو لەلایەکەوە کچە و لەلایەکی دیکەشەوە هیندۆسیشە. بۆیە هەموویان ترسیان هەیە مایاش وەک کچەکانی دیکە بکەوێتە بەر ئەتککردن. لە نێو ئەو دۆخە ناهەموارەدا، سودهاموی سەرۆک خێزان، نۆرەی مێشک لێی دەدات و نیوەی جەستەی دەمرێت و لە نێوجێگەدا دەکەوێت. ڕۆژێکییان، کە سورنجانی کوڕ لە ماڵەوە نییە، چەند گەنجێک هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان و بە داخەوە مایای خوشکی دەڕفێنن. ئەم ڕووداوە بۆ خێزانەکە بەگشتی و سورنجانی برای مایاش بە تایبەتی، تراژیدیاو کارەساتێکی گەورەیە، مایا ئەگەرچی پێشترخۆی لە ترسی ئیسلامییە توندڕۆکان حەشاردابوو، ماڵی جێهێشتبوو، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە ماڵەوە. براکەی دەزانێت ڕفاندنی کچێکی گەنج یانی چی؟ دەزانێت تۆڵە کردنەوە لە کچی خێزانێکی هیندۆس چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێت. بۆیە نائومێدییەکی گەورە دەیگرێت و هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار بە دوای مایادا تەی دەکات بەڵام نایدۆزێتەوە و دواجار چارەنووسی ئەویش وەک چارەنووسی ئەو کچانەیە کە بەدەستی ئیسلامە توندڕۆکانی بەنگلادیش لە تۆڵەی ڕووخانی مزگەوتی بابری دەڕفێنرێن و ئەتک دەکرێن. خێزانی سودهامو، کە تا ئەو کات خۆیان لەبەردەم هەموو ئەو سەختییانە ڕاگرتبوو، بەڵام بە ڕفاندنی مایا دەڕووخێن ودەزانن تازە بەهادارترین شتیان لە دەستداوە کە ئەویش کچەکەیانە. کە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە هەبێت باجی هەڵەی کەسانێک دەدات کە لە شوێنێکی ترو لە جێگەیەکی تر هەڵە یەکییان کردووە. دەزانن تازە گەڕانەوەی مایا مەحاڵە،بۆیە دوای ئەو کارەساتە، سودهامو دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئیدی بەنگلادیش وڵاتی ئەو و هەموو هندۆسەکانی تر نییە و دەبێ کۆچ بکەن بۆ هیندستان، بۆیە لە بەیانییەکی زوودا، دوای ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیا دەبن کە مایا ناگەڕێتەوە بۆ هەتایەو دەبێ هەر چاوەڕوان بن، بە نهێنی ئەو وڵاتە جێدێڵن و کۆچ دەکەن بۆ هیندستان. بەمەش کۆتایی بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دێت. ئەم ڕۆمانە، دیوێکی توندوتیژییەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە هاوڕەگەزەکەی،پیشان دەدات. ڕۆمانێکە، جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانی گەلانێک دەخاتە ڕوو کە ناتوانن بەیەکەوە بژین و هەریەکەیان ئایینی تایبەتی خۆیان هەبێت، لە کاتێکدا دواجار هەمووشیان هەر مرۆڤن. ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت چۆن دەبێت مرۆڤ هێندە بێ باک و دڕندە بێت، کە بەئاسانی هاوڕەگەزەکەی بکوژێت و ئەتکی بکات.ڕۆمانێکە لە پەراوێزی خوێندنەوەیدا، مرۆڤ شەرم دادیدەگرێت کە هەمیشە بێ بەهاترین شت لەو گەردوونە خوێنی مرۆڤ بووەو دەبێت!!!.دواجار دەستخۆشانە لە وەرگێڕی ڕۆمانەکە دەکەم، کە بەشێوەیەکی جوان و سەرکەوتووانە ڕۆمانەکەی وەرگێڕاوە و خوێنەر چێژ لە خوێنەوەی دەبینێت.

*** پەراوێز: شورەیی/ڕۆمان/ نووسینی(تەسلیمە نەسرین)/ وەرگێڕانی ئەردەلان هەڵەبجەیی.**

تەواوی جیهان دەپرسێت : تەرمی خاشقچی لە کوێیە؟

هەرچەندە سااڵێک بەسەر کوشتنی ڕۆژنامەنووسی سعوودی، جەمال خاشقچی-دا تێپەڕیوە کە بە مەبەستی ئەنجامدانی مامەڵەی هاوسەرگیری سەردانی کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەی کردبوو لە ئیستانبوڵ و جارێکی دیکە نەبینرایەوە، هێشتا پرسیارەکان لەبارەی شوێنی تەرمەکەی بێ وەاڵمن



هەرچەندە سااڵێک بەسەر گشتیی سعوودیە، سعوود جەمال خاشقجی لەنێو ڕۆژنامەنووسی یەمەنی، بەرپێزەوەی هەیە".خەدیجە تەرمێک بە تەواوی کونسوڵخانەی سعوودیە لە ئیستانبوڵ کوژراوە و موعجیب 29ی تشرینی یەکەم ماوەی کاتژمێر و نیوێک لەگەڵ داواکاری گشتیی ئیستانبوڵ، عیرفان فیدان لە دادگای چاغالیان چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا.گرووپی کاری هاوبەشی نێوان تورکیا و سعوودیە لە بینای کونسوڵخانە و نشینگەی کونسوڵخانە و باخچەکەیدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا.بەاڵم ڕێگە نەدرا تیمە تورکییەکە پشکنین بۆ بیری کونسوڵخانەکە بکەن و دواتر لەو کۆاڵنەی بینای کونسوڵخانەکەی لێیە، بە کامێرای ڕۆبۆت، پشکنین بۆ ئاوەڕۆکان کرا.

خنکێنرا و تەرمەکەی پارچە پارچە کرا

دواتر داواکاری گشتیی ئیستانبوڵ دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی کردەوە لەبارەی ناردنی تیمێکی 15کەسی لە سعوودیەوە کە کارمەندی ئەمنی، هەواڵگری و پزیشکی دادوەریشیان لەنێودا بووە و بۆ کوشتنی خاشقجی و لەناوبردنی تەرمەکەی نێردرابوون.لە ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی ئیستانبوڵدا هاتووە، "خاشقجی خنکێنراوە و پەپێی پلاتێک کە پێشتر داڕێژراوە، تەرمەکەی پارچە پارچە کراوە و لەناوبراوە."

دانان نا بە کوشتنی خاشقجی

گوتەبێژی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی سعوودیە، شەڵعان ئەڵشەڵعان 15ی تشرینی دووەم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە ڕیاز ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بااڵکردەوە.شەڵعان ئەڵشەڵعان ڕایگەیاند، یەکێک لە تۆمەتبارەکان کامێراکانی نێو کونسوڵخانەکەی تێکداوە و تەرمی جەمال خاشقجی کە پارچە پارچەکراوە لە بیناکە هێنراوەتە دەرەوە و لەگەڵ هەندێک هەماهەنگیکاری خۆجێییدا دەرکراوە کە ژمارەی تۆمەتبارەکان 21 کەسە و دۆسیەی لێکۆڵینەوە لەبارەی 11یانەوە کراوەتەوە.دواتر 30ی کانوونی یەکەم هەندێک دیمەنی پەیوەست بە گواستنەوەی تەرمی خاشقجی دوای کوشتنی بۆ نشینگەی کونسوڵخانەکە لە لایەن دامەزراوەی میدیاییەوە بااڵکرایەوە دوای ئەوەی کە بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنرا تەرمی خاشقجی-دا هاتووە.

وەسیەتی کردبوو لە شاری مەدینە بەخاکی بسپێرن

نووسەر و بیرمەندی میسری، سەیفەدین عەبدولفەتاح 20ی تشرینی یەکەمی 2018 ڕەخنەی لە هەڵوێستی سعوودیە گرت لەبارەی کوشتنی خاشقجی-یەوە و پرسیی "بۆچی چەندین جار سعوودیە نکۆڵیی لە کوشتنی خاشقجی کرد؟ تەرمی ئەو پیاوە لەکوێیە؟ بۆچی تا دووهەفتەی دوای کوشتنی بەچیرۆکی شەڕ و چی و چی دواخرا؟". نووسەری سووری، موسا عومەریش پرسیی تەرمی خاشقجی لەکوێیە و وەبیرهێنرایەوە کە وەسیەتی کردووە لە شاری مەدینە بەخاکی بسپێرن.ڕۆژنامەنووسی لوبنانی، نەجاڵ ئەبو میڕا و ڕۆژنامەنووسی یەمەنی، حەمدی بەکاری-یش داوای وەاڵمیان کرد بۆ پرسیاری "تەرمی خاشقجی لەکوێیە؟" و لە جیهانی عەرەبیدا زوو زوو پرسیاری "تەرمەکە لەکوێیە؟" دووپاتکرایەوە. ئیدی ڕوونکردنەوەکانی حکوومەتی ریاز لەبارەی تەرمی خاشقجی-یەوە متمانەی لەدەستدا و خێزان و کەسوکار و خۆشەویستانی و ڕای گشتیی نێودەوڵەتیش، چاوەڕوانی دۆزینەوەی تەرمی خاشقجی و بەخاکسپاردنی دەکەن.

مافی ناشتنی بەڕێزەوەی هەیە

سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە 26ی تشرینی یەکەم لەبارەی تاوانەکەوە ڕایگەیاند کە "تاوانی کوشتنەکە بەئاشکرا دیارە، پێویستە تەرمەکەی نیشان بدەن".هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی سەندیکای میدیاکارانی تورک-عەرەب، تورهان کشلاکچی لەو کاتەدا ڕایگەیاند، "هەرچییەک بێت با ببێت، خێزان و منداڵەکانی پێیان خۆشە گڵکۆی باوکیان

هەرچەندە لە میانی ساڵی ڕابردوودا، چەندین زانیاری لەبارەی شوێن و چۆنێتیی کوشتنی خاشقجی-یەوە بەدەستهێنراوە، تا ئێستاش ڕوونکردنەوەیەکی فەرمی لەبارەی شوێن و چۆنێتیی تەرمەکەوە بااڵنەکراوەتەوە.

بزانن. هاوڕێکانی دەیانەوێت کە سەردانی گڵکۆکەی بکەن. تەرمەکەی بگەڕێننەوە بۆمان. داواکاری ئێمە وەک سەندیکای میدیاکارانی تورک-عەرەب ئەوەیە. بەڵێ دانتان پێدانا. داواکاری ئێمە ئەوەیە کە تەرمی جەمال-مان بۆ بگەڕێننەوە.هاوڕێ و هاوپێشەکانی ڕۆژنامەنووسە سعوودیەکە لەبەردەم کونسوڵخانەی سعوودیە لە لەندەن گردبوونەوە وکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان ڕێکخست و داوای دۆزینەوەی تەرمەکان و تاوانبارانیان کرد. سەرنووسەری میدڵئیست، داود عەبدوڵاڵ لە 30 تشرینی یەکەم بە بەڕەسانی سعوودیەی ڕاگەیاند کە دان بە تاوانەکە دابنێن و تەرمەکەی بدۆزنەوە و جەختیشێ لەوە کردەوە کە خاشقجی "مافی ناشتنی

تەرمێک بە تەواوی بیسووتێنێت و نەتوانرێت پشکنینی DNAی بۆ بکرێت.ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە لە ڕۆژی ڕوودواوەکەدا لەو 15 کەسەی کە بە تیمی کوشتنی خاشقچی ناوی بردوون، یەکێکیان شارەزای بواری پشکنینی DNA و پزیشکی تایبەت بە ئێسک بووە کە تەمەنی 47 ساڵان و ناوی جەنەراڵ سەاڵح محەمەد بووە. ئەم کەسە لێپرسراوی ئەوە بووە کە ئایا لە ئیسکە سووتاوەکەدا هیچ پاشماوەیەک ماوە بۆ ئەوەی پشکنینی DNA لەسەر ئەنجام بدرێت یان نا.هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە تیمەکە دوای کوشتنی خاشقچی داوای گۆشتی خاویان بۆ 32 کەس کردووە لە خواردنگەیەکی ناوچەکە. ئەوە ئەو پرسیارەی دروستکردووە کە ئایا گۆشتەکە بۆ تەندورە گەرمکراوەکە بووە کە تیایدا ببرژێن یان تەندورەکە بۆ ئیشێکی دیکە گەرم کراوە. تا ئێستا وەاڵمی ئەم لێکۆڵینەوە نەدراوەتەوە.

دەگوترێت کە تەرمە سووتاوەکە بە ماددەیەکی تایبەت تۆزڕاوەتەوە

ئەوەی لە میدیاکانی جیهانی و تورکیادا باسی لێوەکرا لەبارەی کوشتنی خاشقچی، لەو کاتەدا تەرمی لەت لەت کراوی خاشقچی لەناو فەردە کراوە و لە حەوشەی ماڵی سەرکۆنسوڵی سعوودیە لەناو فرنێکی تایبەتدا بەتەواوی سوتێندراوە. دواتر لە ماڵی سەرکۆنسوڵ ماددەی تیزابی هیدرۆفلۆریک دۆزرایەوە کە بۆ تواندنەوە بەکار دێت و گومانەکان لەسەر ئەوەن کە بۆ تواندنەوەی تەرمەی خاشقچی بە تەواوی بەکار هێنرابێت.لەبارەی چارەنووسی تەرمەکەی خاشقچی لە هەندێک سەرچاوەی میدیاییدا باس لەوە کرا کە لە نمونەی هەڵگیراوی زێرابی ماڵی سەرکۆنسولدا جۆرە ماددەیەک دۆزراوەتە کە تێکەڵ بە تەرمی تۆیندراو کراوە و بەم شێوەیە لەناو براوە.

هەندێک هەواڵیش باسیان لەوە دەکرد کە خاشقچی سەردتا خنکێندراوە و یان بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەریان لە جەستەی کردووە، بۆ ئەوەی هیچ پاشماوەیەکی خوێن و بەڵگە تاوان لە شوێنەکە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1760:
لە جەنگی حەوت ساڵەدا ، ئیمپراتۆریەتی ڕووسی دەستی بەسەر شاری بەرلین داگرت .



ساڵی 1820:
غوایاکیل لە ئسپانیا جیابووەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند .



ساڵی 1917:
ئەمیر فوئاد دوای مردنی برای ، بوو بە سوڵتانی میسر .



ساڵی 1967:
ڕۆژێک دوای دەستگیرکردنی لە پۆلیڤیا ، گیڤیارا لە سێداره درا.



ساڵی :2001
ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پشتگیری هێرشی ئەمەریکای کرد بۆ سەر ئەفغانستان .



ساڵی 2018:
نیکی هایلی باڵیۆزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە لە کۆتایی ساڵدا دەست لە کار دەکێشێتەوە .

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/10/9 ژمارە (5845)
خەبات



ئیسپانیا و هونەری سازشکردن

فێردیناندۆ جیولیانۆ

سەبارەت بەوانەی وا گومان دەبەن، بە بەختترین وڵات ئەوەیە کە حکومەتی تێدا نییە، هەر دەبێت ئیسپانیا، نمونەی ئەو بواڕە بێت. هاووڵاتیانی ئیسپانیا لە 10 مانگی داهاتوودا، بۆ جاری چوارەم لە ماوەی چوار ساڵدا، ڕوو دەکەن سەر سندوقەکانی دەنگدان، دوای ئەوەی پارتە سیاسییەکانی وڵات، نەیانتوانی بگەنە سازشێک بۆ پێکهێنانی زۆرینەی فەرمانڕەوا. لەگەڵ هەڵکشانی ئستێرەی مەدرید لە یەکێتیی ئەورووپا و بەردەوامی گەشەکردنی ئابووری ئیسپانیا، بە ڕێژەی خێراتر لە وڵاتانی دیکەدا، لەوانەیە بتوانین پاساو بۆ ئەوانە بهێنینەوە، کەوا پێیان وایە، گەیشتن بە چارەیەکی سیاسی، دوایین شتە کە ئیسپانییەکان پێویستیان پێیەتی. بەڵام هاوشێوەی ڕەوشی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، ئەو هەڤرکیانەی مەدرید چاوەڕێیان دەکات، ئاڵۆزتر دەبن. چونکە ئابووری بە ڕێژەیەکی کەمتر لە پێشبینیکراو، لە ماوەی چارەکی دووەمی ئەمساڵەکەدا، گەشەی کردووە، ئەوەش دەری دەخات، ئیسپانیاش وەکو وڵاتانی دیکە، دوور نییە بەر مەترسی هەڵخلیسکان لە قەیرانی بازرگانی و پشێوی ئابووری جیهاندا بکەوێت. لە ئەورووپادا، فەرەنسا سەیری ئیسپانیا دەکات، بەو گوزارەیەی هاوبەشێکی پێشبینیکراوە بۆ چاکردنی قەیرانەکان، کەچی ئەو هاریکارییە، لەبەر نەبوونی حکومەتێکی بەهێز لە مەدرید، بەدیهێنانی ئەستەم دەبێت. ئومێدی ئەوە دەخوازرێت، هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، یان بڕاوەیەکی ڕوونی لێ بکەوێتەوە، یانیش پارتە سیاسییەکان، لە کۆتاییدا بگەنە چارەیەک بۆ سازشکردنی ناکۆکییەکانیان. هیچ پێوبست نەبوو، هەڵبژاردنە گشتییەکەی پێشوو، کە لەمانگی نیسانی ڕابردوو ئەنجام درا، بە سڕبوونی سیاسی کۆتایی پێبێت، لەبەر ئەوەی، پیدۆڕ سانشێز، پارتەکەی خۆی، پارتی سۆشیالیستی بەرەو لوتکە برد، بەڵام ئەوەندە کورسییەی بەدەست نەهێنا، کە بەتەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست. سانشێز، دەیتوانی هێزەکەی لەگەڵ ئەلبێرت ڕیڤێرا، سەرۆکی پارتی (هاووڵاتیان)ی ناوەڕاست یەک بخات، ئەگەر وازیان لە ناکۆکیان سەبارەت بە هەڵمەتە تونەدەکانی هەڵبژاردن بهێنابا. لەو حاڵەتەدا، ئیسپانیا، دەبووە خاوەن حکومەتێکی بەهێز و پشتیوان لە یەکێتیی ئەورووپا، دەشیتوانی بانگەوازی پارتی هاووڵاتیان بۆ چاکسازی، لەگەڵ دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەکان، کە سۆشیالیستەکان داوایان دەکرد، بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. زۆربەی گلەییەکان لە ڕیڤێرا دەکرێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە، موکڕ بوو لەسەر ئەوەی، هیچ دەستەواژەیەگ لەگەڵ سانشێز نابەستێت. هەڵوێستیشی بەشێوەیەکی نیمچەیی چاوی خستبووە سەر، قنیاتکردن لەگەڵ کەمێک دەرفەت قۆستنەوە: لەوانەیە وای وێنا کردبێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تازە، دەتوانێت بەختەکانی پارتەکەی، لەسەر ئەستۆی لاوازی پارتی گەل زیاتر بکات. لە هەفتەی ڕابردوودا، ڕیڤێرا لە هەوڵی ئەوەدا بوو، سازشی دوایین ساتەکان لەگەڵ سانشێزدا بکات، ڕازی بوو ڕێگە بە پێکهێنانی حکومەت بدات، ئەگەر سۆشیالیستەکان بە چەند مەرجێکی دیاریکراو ڕازی بن، لەوانە، بەڵێندان بە زیادنەکردنی باجەکان بەسەر چینی ناوەڕاستدا. وەلێ ئەم پاکێجە، بەو شێوازی گلەییکردن لە سانشێز، لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی تازە هاتە پێش چاو. تازەترین گشتپرسی دەری دەخات، ڕیڤێرا، سەرکێشی لە بەدەستهێنانی کورسی کەمتر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەکات، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، ستراتیژیەتەکەی ئاکامی پێچەوانەی هەبووە. بە دڵنیاییەوە، سانشێز، قومارکردنێکی مەترسیداری هەڵبژاردووە. چەندین مانگی لە دانوستان لەگەڵ پارتی (یونیداس بۆدیۆس)ی چەپڕەوی تونڕەۆ بەسەر برد، بەڵام وای نیشان دا، هەرگیز پەرۆشی ئەوەنە بوو، کۆتایی بە دانوستانەکان بهێنێت. ئومێدەوار بوو، دەنگەکانی (بۆدیۆس) لە چەپەکان و (هاووڵاتیان) لە ڕاستەکان بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا مسۆگەر بکات. ئەگەر سەرکەتوو بایە، لە دوای ساڵی 2011، دەبووە جاری یەکەم، یەک پارت بتوانێت دەسەڵاتی بەسەر پەرلەمانی ئیسپانیادا زاڵ بێت، بێئەوەی بچێتە نێو هیچ هاوپەیمانیەتییەکەوە.لە هەفتەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت، ئایا گرەوەکەی سانشێز سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام قنیاتترین سیناریۆی ئەوەیە، پارتەکانی ئیسپانیا، دەبێت جارێکی دیکە، پردەکان دروست بکەن و ناکۆکییەکان وەلا نێن، بۆ ئەوەی بتوانن حکومەت پێکبهێنن. ئەوەش پێویست بە زاڵبوون بە سەر رکەکان، لەنێو هێزەکانی ناوەڕاست لە وڵات دەکات، بۆ ئەوەی دەری بخەن، سیاستەکاران دەتوانن بۆ گەلەکەیان، سوودمەندی ڕاستەقینە بن.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae





ئاژانسی هەواڵی ڕووسی لەسەر زاری بەرپرسێکی باڵای ڕووسیا ڕایگەیاند هەریەکە لە تورکیا و ڕووسیا خەریکی گفتوگۆکردنن دەربارەی ئەوەی مۆسکۆ فڕۆکەی جۆری سوخۆی 57 و سوخۆی 35ی شەڕکەر بە ئەنقەرە بفرۆشێ. چاودێرانیش پێیان وایە ئەگەر تورکیا ئەم هەنگاوە بنێ، بێگومان لەگەڵ ڕۆژئاوادا ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێتەوە.

وێنە و کۆمێنت

مانشێت



سکای نیوز:
ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕایگەیاند کە بودجەی ڕێکخراوەکە بە بڕی 230 ملیۆن دۆلار کورتی هێناوە و دوور نیە تا کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر ئەو بڕە پارەیەش تەواو بێ کە لەژێر دەست دایە .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە هەڵبژاردنەکانی پورتوگال سۆسیالیستەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێنا و لە زۆرینەی ڕەها نزیک بوونەتەوە .



ئیلاف :
بەهۆی مامەڵەی نابەجێ لەگەڵ ئیگۆزەرکان ، ئەمەریکا ناوی 28 ڕێکخراوی حکوومی و بازرگانی چینی خستە لیستی ڕەشەوە .



ئەی ئێف پی:
هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ناسەقامگیریی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا ، وەزارەتی بەرگری قوبرس ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی 4فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئیسرائیلی کڕی .



دۆیچە ڤیلە:
دەیان هەزار کەس لە لایەنگرانی ژینگە خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ساز کرد.



کەنالی ئارتی :
لە نزیک کەناراوەکانی دوورگەی لامبیدۆزای ئیتاڵی بەلەمێکی پەنابەران ژێرئاو کەوت و لە ئەنجامدا 13 ئافرەت بوونە قوربانی .

ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی توانایی مرۆی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان چین؟ چۆن چارەسەر دەکرێن؟



نادر روستی

لە هەرێمی کوردستان بنەمای گەشتیاری بەهێز هەیە، بەڵام پێویستیان بە ڕێکخستن و پەرەپێدان و دابینکردنی خزمەتگوزاری سەردەمیانە هەیە، پێویستمان بە لێهاتووی و شارەزای و ئەزموونی زیاتری کارگێری و بە ڕاهێنانی کارمەند و کادری بواری گەشتیاری و بە هونەری بەرێوەبردن و کەسانی دڵسۆز بۆ کەرتی گەشتیاری و بە کردنەوەی خولی بەردەوام و فێرکاری و بە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و باشترین کوالیت هەیە، پێویستمان بە کەسانێک هەیە کە بتوانن داخوازی گەشتیار جێبەجێ بکەن، بتوانن گەشتیار ڕازی بکەن، بتوانن بە لێهاتووی و دلسۆزیان بۆ کارەکەیان گەشتیار ناچار بکەن چەندان جاری تر ڕوو لەهەمان شوێن و هەمان خزمەتگوزاری بکاتەوە، هەموو ئەمانە وەک پێویست لە شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بەدی ناکرێن بۆیە ئەمانە کێشەی بەردەم پەرەپێدانی کەرتی گەشتیارین، کەواتە چی کراوە و چی بکرێ بۆ چارەسەری کێشەکان؟

گشت بوارەکانی کارگێری و حکومڕانی کێشەی نەبوونی هزر و بیرکردنەوەی پەرەپێدانی کارگێری و ستراتیژیان هەیە، ئەمەش وایکردووە کادری پێویست و بە توانا بەردەست نەبێت، گرنگترین هێزیش بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بیرکردنەوەیەکی تەندروستی کارگێری گەشتیارییە.

*** چی کراوە بۆ بەهێزکردنی هزری کارگێری و پەرەپێدانی ستراتیژیەتی گەشتیاری؟**

لە ساڵی 2011 کە پلانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار دانرا، 12 تەوەری سەرەکی گرنگیان پێدراوە و نەخشەڕێگای تایبەتیان بۆ داڕێژراوە بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ڕووی گەشتیاریەوە لە ئایندە بە ئاستی جیهان بگەین. یەکێک لە تەوەرەکان ستراتیژیەتی پەرەپێدانی توانای مرۆی و فیرکردنی گەشتیاری بوو.

لە ڕووی پێگەیاندنی کادری پیشەیی و ئەکادیمیشەوە تاساڵی 2013تەنها 3 پەیمانگەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام لە ئێستادا 4ئامادەی گەشتیاری و 5پەیمانگە و 5 بەش لە کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستان هەیە، هەروەها سەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەیە. وەک ڕاهێنان و فێرکردنی خێراش ساڵانە زیاتر لە 50خول لە دەستەی گەشتوگوزار دەکرێتەوە. لە ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار هاوکاری بە 70 نامەی ماستەر و دکتۆرا پێشکەش کراوە بە تایبەت پێدانی داتا و زانیاری لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە.

*** کێشە سەرەکیەکە لە کوێ دایە؟**

ئەوەی باسکراو کراوە تەنیا لەسەنتەری شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک بووە، لە سەنتەری شارەکانیش لە 50%ی نەگرتۆتەوە، ئەوانەی دەردەچن و خوێندن تەواو دەکەن هیچ میکانیزمێک دانەنراوە تا لە شوێنەکانی گەشتیاری بخرێنە سەر کار، واتە سوودیان لێوەرنەگیراوە. لە 75%ی دەرچووانی گەشتوگوزار ئارەزووی کارکردنیان لە شوێنەکانی گەشتیاری نییە، لە 75%ی خاوەن شوێنەکانی گەشتیاریش بە توانا و شارەزایی و لێهاتووی قوتابیانی دەرچوو ڕازی نین بە تایبەت لە ڕووی زمان و لە ڕووی ئایتی و لە ڕووی ئەتەکێت و پەرەپێدانی کارگێری نوێ.

*** کێشەی هاوینەهەوار و شوێنەکانی گەشتیاری لە شارۆچکەکان**

ئەو شوێنانەی ڕاستەخۆ خزمەتگوزاری پێشکەش بە گەشتیاران دەکەن بە تایبەت لە وەرزی هاوین بەشی زۆریان دەکەونە قەزا و ناحیە و ناوچە شاخاویەکان بە تایبەت هاوینەهەوارەکان، کارمەندی گەشتیاری لەو شوێنانە هیچ ڕاهێنانیان پێنەکراوە یان زۆر کەم کەسانی ئەکادیمی و پیشەی و ڕاهێنراون، بۆیە زۆر کەم لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری شارەزان ئەمەش گەورەترین کێشەیە بۆ گەشتیاران بە تایبەتی و بۆ کەرتی گەشتیار هەرچی بەبازارکردنە کە لە ڕاگەیاندنەکان دەکرێ لە ڕووی مەیدانی و واقعی شکست دەخوات.

پێشنیار بۆ چارەسەری کێشەکە

کردنەوەی خول لە سەنتەری شارە گەورەکان بۆ پێگەیاندنی چەند ڕاهێنەرێک لە هەر شارۆچکەیەک کە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری هەیە نێردراین.

ڕاهێنەرەکان کە گەڕانەوە بۆ شارۆچکەکانیان هەلیان بۆ برەخسێندرێ کە لە ماوەی زستان بەردەوام خولی ئەتەکێت و کارگێری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کارمەندی پڕۆژەکانی گەشتیاری و هاوینەهەوارەکان بکەنەوە.

مەرج بۆ سەرجەم شوێنەکانی گەشتیاری دابنرێ کە هەر کارمەندێک خولی نەبینیبێت ڕێگەی پێنەدرێ لە شوێنەکانی گەشتیاری کار بکات.

میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ دەرچوانی گەشتیاری تاکو لە شوێنەکانی گەشتیاری کار بکەن و سوود لە توانایان وەبگیرێت.

سێیەمین سەرکێشی گەشتی شەپۆلەکانی سەرئاو لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا



هەبوونی بەردی تیژ و بەرز مەترسی بۆ بەلەمەکان دروست دەکرد، ئەم جۆرە سەرکێشیە پێویستی بە یاریزانی مەلەوان و بە توانا هەیە، چونکە ڕەنگە زۆرجار بە هۆی وەرگەڕان و کەوتنە ناو ئاو ناچاری خۆت دەرباز بکەیت. لە کاتی گەشتە سەخت و پڕمەترسیەکە شەو کەمپنگێکی پڕ لە خۆشی و کاتبەسەبردن لە نیوەی ڕووبارەکە بەسترا کە بە ئاوازو گۆرانی خەو هاتە چاوی وەرزشوانە ماندووەکانەوە، ڕۆژی دواتر دریژە بە گەشتەکە درا، واتە دوو ڕۆژ و یەک شەو بەردەوام بوو. چاوەڕێ دەکرێ ئەم جۆرەی گەشتیاری ساڵ دوای ساڵ لە گەشەکردن دابێت.

ڕووبارەکان بەڵام لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئۆکتۆبەری ـ بۆ سییەمین جار بەردێژای ئەم ڕووباری زرارا لە دەقەری بارزان سەرکێشی شەپۆلەکانی سەرئاو لە لایەن کۆران و کچانی سەنتەری بارزان بۆژینگە پارێزی وشاخەوانی سازکرا، سەرکێشیەکە لە ڕووباری زرارا دەستی پێکرد و لە بەنداوی گەشتیاری ڕێزان لە ناوچەی بارزان بەکۆتا هات، سەرکێشی بەلەمەی سەر شەپۆل بە چوار بەلەم و بە بەشداری ئافرەتان و پیاوان بوو، گەشتەکە ئاسان نەبوو لە زۆر جێگا ڕووبەرووی شەپۆلی ڕووبار و شوێنی بەرز و شوێنی تەسک و هەڵدێر دەبوونەوە، تیژڕۆی ئاو و

خزمەتگوزارییەکانی پارکی شەهید سامی نوێ دەکرێنەوە

بە مەبەستی نوێکردنەوەیان و جوانکاری زیاتر، هەڵمەتی بۆیاغ کردنی سەرجەم کورسی و سەلەی زبڵ و سێتی وەرزشکردن کە ژمارەیان زیاتر لە 2500 پارچەیە دەستی پێکرد، هەڵمەتەکە خۆبەخشانەیە و ماوەی زیاتر لە 15ڕۆژ دەخایەنێ، خەرجی کارەکان تەنیا بۆیاغ کرینە کە 2ملیۆن دینارە، ئەم هەڵمەتە لەلایەن کارمەندانی بەرێوەبەرایەتی پارکی شەهید سامی عەبدولرحمان بە خۆبەخشی ئەنجام دەدرێ و خزمەت بە هاوڵاتیان و گەشتیاران دەکات.



کوردستانمان خۆشدەوێت بۆیە لە پیسبوون دەپارێزین



دوای کۆتایی هاتنی وەرزی گەشتیاری بەهار و هاوین زۆرێک لە ناوچەکانی گەشتیاری و تەنانەت ڕێگاوبان و ناو سروشت بە فرێدانی پاشماوەی خواردن و خواردنەوەکان و کەلوپەلی پلاستیک و لایلۆن پیسکران، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی هاوڵاتیان بە گشتی و دانیشتوی ناوچەکانی گەشتیاری بە تایبەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە گەشتیار و هەندێک لە هاوڵاتیان ئەم کارە قێزەونەیان کردووە، لەبەرامبەردا ڕۆلە نیشتیمان پەروەر و هەست بەرزەکان هەڵمەتی پاکردنەوە و کۆکردنەوەی پیسی و پاشماوە زیانبەخشەکانیان لە ناوچەی هەواری مەکێ لە ناحیەی وەرتێ بە دروشمی (مەملەکەتی خۆمان خۆش دەوێت بۆیە لە پیسبوون دەپارێزین) ڕاگەیاند و سنووریکی فراوانیان پاککردەوە.

ڕێکخراوی وەرتێی نوێ بەهاوبەشی و هەماهەنگی ناوەندی کەلتووری چۆمان و بە بەشداری زیاتر لە 70 لە کوڕ و کچ و تەنانەت منداڵ و زارۆکی هەست بەرزی ناحیەی وەرتێ، تەواوی هاوینەهەواری مەکێ و بە درێژایی کیلۆمەترێکیش لە ڕێگەی مەکێ بۆ سەنتەری ناحیە تاوەکو بازگەی زینی وەرتێیان لە زبڵ و پاشماوەی پلاستیک و شووشە پاککردەوە. ئامانج وەرتی سەرۆکی ڕێکخراوەکە سوپاسی ئامادەبووان و بەشداربووانی ئەم هەڵمەتەی کرد کە سەرجەم لایەن و چین وتوێژەکانی دەقەرەکە بەبێ جیاوازی بەشدار بوون، گوتی بەردەوام دەبین و هەموو هەفتەیەک ڕۆژێک تەرخان دەکەین بۆ پاککردنەوەی ژینگەی دەقەرەکەمان، تاکو یەک شوێن لەسنووری ئیدارەی ناحیەی وەرتێ مابێت لەو هەڵمەتە ناوەستین.

پاڵەوانی شاری مانسێسکی ڕووسی لەدیمانەیەکی (خەبات)دا

دانیال چێرنیاێف: خەونی گەورەم بەدەستهێنانی نازناوی گراند ماستەر و رکابەرییە لەسەر نازناوی جیهانییەکان

دیمانە: هاوار مورتکەیی

دانیال چێرنیاێف تەمەنی تەنها 11 ساڵە و پاڵەوانی ئێستای شاری خانتی مانسێسکی ڕووسیایە و هەر لەو شارەش لەدایک بووە، ئەو شەترەنجزانێکی تازەپێگەیشتووی ڕووسیایە و ئەگەرچی تازە لە تەمەنی زوویدایە، بەڵام دوو شەترەنجزانی گراندماستەر ڕاهینەری تایبەتی ئەون،بۆیە داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی دەکان، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە کە بەمشێوەی خوارەوە کە زانیاری زیاترت لەسەری دەست دەکەوێت.

شەترەنج بۆتە بەشێک لە ژیانم

لەبیرمە کاتێک تەمەنم 6ساڵان بوو دایکم لێی پرسیم دەتەوێ یاری شەترەنج بکەیت؟ منیش پێم خۆش بوو گوتم بەڵێ، ئەوەبوو منی بردە ئەکادیمیایەک لە شارەکەمان (خانتی) و دوای دوو مانگ بەشداری کردن لە خولی ڕاهێنان، بەشداری پاڵەوانێتی شارەکەم کرد و توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم و لەوکاتەوە هەستم کرد شەترەنج بۆتە بەشێک لە ژیانم، هەروەها گوتی: لە ساڵی 2016دەوە بەچڕی بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد، بەتایبەتیش پاڵەوانێتییەکانی ڕووسیا و جامی ڕووسیا، هەروەها لە ساڵی 2018 بەشداری پاڵەوانێتی لاوانی ئەوروپام کرد لە لاتڤیا 2018 و لە سلۆڤاکیا 2019.



خەونی گەورەم ڕکابەری لەنازناوی جیهانی

دواتر دانیال چێرنیاێف لەبارەی دەسکەوتەکانیشەوە گوتی: لە ساڵی 2016 بۆ یەکەمجار ڕیتینگی فیدام وەرگرت کاتێک میدالیای زیو و برۆنزم لە پاڵەوانێتی جامی ڕووسیا بەدەستهێنا، ڕیتینگەکەشم بریتی بوو 1113، زۆر دڵخۆش بووم، ئێستاش پاڵەوانی شاری خانتی مانسیسکم بۆ خوار 12ساڵی، ئەمە وەک سەرەتایەک دەبینم و هیوای زۆرم بۆ دوارۆژە بۆیە بەردەوام ڕاهێنان دەکەم لەڕێگای هەردوو ڕاهێنەری گراند ماستەر لیڤریتسکی ڕۆمان و ئەحمەدۆڤ ڕادیێل، خەونی گەورەم ئەوەیە نازناوی گراندماستەر بەدەست بهێنم و ڕکابەری لەسەر نازناوی جیهانی بکەم.

کە یاری دەکەم هەست بە ئاسوودەیی دەڕوونیی دەکەم

لە کۆتاییدا ئەو شەترەنجزانە تازەپێگەیشتووەی ڕووسیا گوتی: شەترەنج وۆر سوودم پێ دەگەیەنێت وَ کاریگەری ئەرێنی لەسەر خوێندنم هەیە، وانەکانی لەبەردەم ئاسان کردووە بەتایبەتیش وانەی بیرکاری، بۆیە هیچ کاتێک بیر لەوە ناکەمەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان یاری شەترەنج بەجێ بهێڵم، شەترەنج جیهانێکی فراوانە و کە یاری دەکەم هەست بە ئاسوودەیی دەڕوونی خۆمەوە دەکەم، لێرەوە بەپێویستی دەزانم ڕۆڵی دایکم لەبیر نەکەم کە پشتیوانییەکی بەهێزی منە و لە هەرکوێیەک پاڵەوانێتی شەترەنج هەبێت دەستم دەگرێت و یاوەریم دەکات.



نمایشکارە بەناوبانگەکە خۆشحاڵی خۆی بە گۆڵەکەی میسی دەربڕی

جارێکی تر سوزی کۆرتیزی نمایشکارە بەناوبانگەکەی جیهان لەسەر گۆڵەکەی لیۆ میسی هاتە دەنگ کە بەلێدانی فاوڵ لە یانەی سیڤیبا تۆماری کرد.

سوزی ئەو نمایشکارە بەناوبانگەی جیهانە کە یەکێکەلە هەواوداراە سەرسەختەکەی بەرشلۆنە و میسی و هەموو جار لە میدیاکان بە دڕیسی بەرشلۆنەی میسی دەردەکەوێت و خۆی نمایش دەکات، ئەمجارەش دوای گۆڵەکەی میسی وێنەیەکی خۆی لە ئینستاگرام بڵاوکردۆتەوە کە دڕیسی میسی لەبەر کردووە و خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە.

ئەو کچە نمایشکارە لە ئینستاگرام نوسیویەتی: (یاللا دەی میسی) کە وێنەکەشی لەبەرامبەر تەلەفزیۆن گرتووە و هەر دوای بڵاوکردنەوەی بەچەند کاتژمێرێک ژمارەی فۆلۆکانی لە دوو ملیۆنی تێپەڕاند.



بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە هەڵبژاردەی عێراق ئاستەنگی زۆری بۆ دروست دەبێت



لەکەشێکی ئاڵۆزدا هەڵبژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێ دەستی بەمەشقەکانی کردەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ یارییەکەی داهاتوویان بەرامبەر هەڵبژاردەی هۆنگ کۆنگ کە بڕیارە پێنجشەممەی داهاتوو لە یاریگای شاری بەسرە بەڕێوەبچێت.

زۆربەک لە شارەکانی عێراق لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو خۆپیشاندانی فراوانی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە نزیکەی 200 کەس کوژراون، حکومەتی عێراقیش هێڵی ئینتەرنێتی پچڕاندبوو، ئەمەش ئاستەنگی بۆ یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق دروست کردبوو لە پەیوەندی کردنیان بەمەشقەکانەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی لەدەرەوەی بەسرە بوون.

ژمارەکانی گریزمان بازاری سەرسام کردووە



ئەگەرچی گریزمان لەوکاتەوەی یانەی ئەتلەتیکۆی جیهێشتووە، هێشتا وەک پیویست نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەدا بگونجینیت، بەڵام ئەوەی سەیرە بەپێی ئەو داتایەی سایتی ترانسفێر مارکێت بلاویکردۆتەوە، بەهای گریزمان بە بڕی 10ملیۆن یورۆ لە بەهاکەی پێشووی خۆی زیادی کردووە، کاتێک بەرشا ئەو یاریزانەی بە 120ملیۆن یورۆ کڕی کەچی ئێستا نرخی ئەو یاریزانە لەبازارەکاندا گەیشتۆتە 130ملیۆن یورۆ.

ئەو سایتە لیستیکی گرانبەهاترین یاریزانانی ئێستای لە بازارەکانی جیهان بڵاوکردۆتەوە کە بەمشێوەی خوارەوەیە:

1- مباپی 225ملیۆن یورۆ
2- نایمار 195ملیۆن یورۆ
3- میسی 186ملیۆن یورۆ
4- محەمەد سەلاح 184ملیۆن
5- هازارد 158ملیۆن یورۆ
6- هاری کین 136ملیۆن یورۆ
7- گریزمان 130ملیۆن یورۆ
8- دی یونگ 130ملیۆن یورۆ
9- ستیرلینگ 129ملیۆن یورۆ
10- پۆگبا 128ملیۆن یورۆ

KHABAT
www.xebat.net
info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
dilshadmstafa@yahoo.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

خەبات
Wed, 9. Oct. 2019 No: (5845)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەندان گۆرانیبێژ کەمال محەمەد و مەریوان سەفائەدین دوێتێک بڵاوەکەنەوە

خەبات : هەمزە سەرحان

لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا هەردوو هونەرمەند مەریوان سەفائەدین و کەمال محەمەد ئامادە بەوە دەکەن، بەم نزیکانە لە نوێترین کاری هونەرییاندا پێکەوە دوێتێک بڵاوەکەنەوە. بەبێ ئەوەی ئاماژە بە تێکستی گۆرانییەکە و ناوەکەی بکات، لەبارەی بەرهەمەکەوە مەریوان سەفائەدین ئەوەی ئاشکراکرد، بەرهەمەکە لە میلۆدی و میکس و ماسترینی شادمیر نامۆیە، لە ئێستادا بەشێک لە کارە هونەرییەکانی تەواوبووە، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا لەلایەن هەردی عومەرەوە کاری وێنەگرتنی بۆ بکرێت.هونەرمەند کەمال محەمەد لە ستۆریی ئینستاگرامەکەی بەشێک لە گۆرانییەکەی بڵاوکردووەتەوە، بۆ ئەو بەرهەمە دەستخۆشی لە هونەرمەند مەریوان سەفائەدین دەکات، پێبوایە گۆرانییەکە دەچێتە ناو خەڵکەوە.

کەمال محەمەد ساڵی 1960 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە، یەکێکە لە گۆرانیبێژە دیارەکانی کوردستان، هەوادارێکی زۆری هەیە، جگە لە سازکردنی چەندین کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیک، چەندین ئەلبوم و ڤیدیۆ کلیپی تۆمارکراوی هەیە.



مەریوان سەفائەدین لە ساڵی 1972لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە شارەکە بووە و بریندار ببووە، دواتر چووەتە شاری سلێمانی، دوای ساڵی 1990چووەتە دەرەوەی وڵات و تا ئێستا لە سوید دەژی، ساڵی 1993 دەستی بە کاری هونەری کردووە، یەکەم بەرهەمی بە ناوی "هەی باوە باوە" بڵاوکردووەتەوە، لە ڕێگەی هونەرمەند بەهجەت یەحیاوە دەستی بە کاری هونەری کردووە، ئەندامی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کورد بووە، چەند کۆنسێرتێکیان لە شاری هەولێر و سلێمانی سازکردووە، ساڵی 2002 یەکەم ئەلبومی بە ناوی "دیە" بڵاوکردەوە، دووەم ئەلبومی بە ناوی "جێژوان" بڵاوکردووەتەوە، جگە لە کۆنسێرت و ئاهەنگ و گۆرانی چەند ڤیدیۆکلیپێکی تۆمارکراوی هەیە.

کێ "قاوەکەی لانە زەنگەنە"ی ئامادەکردووە

وریشە عومەر

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ لانە زەنگەنە تازەترین بەرهەمی خۆی بەناوی قاوە بڵاوکردەوە.

قاوە، ناوی ئەو ڤیدیۆ کلیپە نوێیەیە کە خانمە هونەرمەند لانە زەنگەنە بڵاوی کردەوە. ئەم گۆرانییە هونراوەکەی لەلایەن هونەرمەند قادر ئەسعەد بۆ نووسراوە و هونەرمەند هەڵکەوت زاهیریش ئاوازی بۆ داناوە. کاری دابەشکردنیش لەلایەن ئاریۆس بۆ کراوە. لانە زەنگەنە لەدایکبووی ساڵی 1989ی شاری کەرکوکە. لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە دەرەوەی وڵات و خاوەن چەند بەرهەمێکی هونەرییە. ڤیدیۆ کلیپی قاوە ش دواین کاری ئەم خانمە هونەرمەندەیە.



حکومەتا یابانی ڕێزگرتنێ ل شارەزایەکێ کورد دبوارێ مروڤایەتیدا دگریت

اپورت مصلح/ خەبات دهوک

بەرێز کاوە سامی سەبری شارەزا دبوارێ مروڤایەتیدا چەندین ساڵە ل ڕێکخراوێن(UN) و(NGO) ل کوردستانێ دبوارێن مروڤایەتی وخزمەتکاریدا کاردکەت هەروسا چەند سالەکە وەکو ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ڕێکخراوا بایێ ئاشتیێ یا یابانی ((PWJخزمەتێ دکەت ول هاڤینا ئەڤ ساڵە ژلایێ حکومەتا وی وەلاتی ڕێزگرتن لێ دهێتە گرتن ودهێتە خەلاتکرتن .لدور بابەتێ ڕێزگرتنێ وئەو خزمەتا کاوە سامی سەبری پێشکێشکری ، ناڤبری بو ڕوژنامەیا خەبات گوت: من ساڵا 1992هەتا ساڵا1993وەکو دەست پێک کار دگەل ڕێکخراوا دەولەتی(WFP)کر پاش من ل ڕێخراوا (IRCU)کارکر وئەز بومە بەرپرسێ هوبا هەماهەنگییێ وکاروبارێن مروڤایەتی ل وێ ڕێکخراوێ ومن هەماهەنگی دگەل فەرمانگەهێن حکومەتا کوردستانێ و ڕێکخراوێن(UN) و(NGO) ل پارێزگەها دهوکێ دکر وپشتی بریارا جڤاتا ئاسایشا نیڤ دەولەتی یا ناسیار ب بریارا 986)گاز بەرامبەر خارن)ل ئیراقێ وهەرێما کوردستانێ کەتیە دواری بجهئینانێدا ئەز هاتمە ڤەگوهاستن بو ڕێکخراوا (یونوکی) وبومە بەرپرسێ هوبا هەماهەنگییێ دناڤبەرا ڕێکخراوا (یونوکی) ورێکخراوێن (UN) وهەماهەنگییێ دگەل حکومەتا هەرێما کوردستانێ و وەزارەتێن حکومەتا کوردستانێ وپارێزگەهێن هەرێمێ ولایەنێن پەیوندیدار هەروسا بەرپرسێ هەماهەنگییێ یێ کاروانێن ڤەگوهاستنا کەلو وپەلێن خارنێ ژکومەلگەها براهیم خەلیل بو پارێزگەها موسل وپارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ ول ساڵا 2002من دەست ژکارکێشانا خو ژ ڕێکخراوا (UN) ڕاگەهاند ومن خزمەت ل ڕێکخراوا بایێ ئاشتیێ یا یابانی (PWJ) پێشکێشکر ومن دڤیا ب ڕێکا ڤێ ڕێکخراوێ پتر خزمەتا خەلکێ پارێزگەها دهوکێ وهەرێمێ بکەم نەخاسمە ل وی دەمێ دەڤەر بەرەف شەرێ ڕزگارکرنا ئیراقێ ڤە دچو وهەتا نوکە ئەز یێ بەردەوامم وب سەدان پروژە دوارێن جودا جودا دا مە ب پشتەڤانیا (PWJ)بو خەلکێ خو ل کوردستانێ بجهئینانە.ل ساڵا 2003پشتی ماوەکێ کێم کو من ل ڕێکخراوا (PWJ) کارکری ئەز هاتمە هنارتن بو ئەمریکا ژبو کومکرنا هاریکاریان وپاش ئەز هاتم هنارتن بو لبنان بو هاریکاریکرنا خەلکێ وی وەلاتی هەروسا دەمێ پیڤەلەرزێ ل باژێرێ وانێ دای ل باکورێ کوردستانێ ل ترکیا مە هاریکاری گەهاندنە خەلکێ پێدڤی .کاوە سامی ئەو یەک ژی گوت: ل ساڵا 2012ڕێکخراوا (PWJ)ئەز بڤەرمی کرمە بەرپرسێ ڕێکخراوێ ل هەموو ئیراقێ وب سەدان پروژە دوارێن جودا جودا مە بو ئاواڕە وپەنابەران وکێم دەرامەتا ئەنجامدانە ، بو وێ یەکێ ناڤێ ڕێکخراوا (PWJ) هەر بمینیت گەش وژبەر ڤێ بەرنامێ خزمەتکرنێ فەرمانگەهێن میری ڕێزگرتنەکا تایبەت ل ڕێکخراوا مە دگرت ومن هەڤکاریەکا موکم دگەل هەموو پاریزگەرێن دهوکێ هەبویە ، هەروسا مە وەکو ڕێکخراوا (PWJ) گەلەک کاروپروژێن هەڤپشک دگەل ڕێکخراوێن یو ئێن ل هەرێما کوردستانێ ودەڤەرێن ڤە قەتیایی ژهەرێمێ ئەنجامدانە ول سالا 2003مە چەندین کار وپروژە ل بەغدا وموسل وکەرکوکێ بجهئینانە ونوکە ژی ئەم پروژێن خزمەتکاری ل شنگال وزومار وسنونێ وتەلەعفر وجهێن دی ئەنجامدەین هەروسا ڕێکخراوا مە ڕولەکێ بەرچاڤ هەبو ژبو کێمکرنا کارتێکرنا هشکەسالیێ ل سەر خەلکێ دەڤەرێ .ل دور ئەو بیافێن ڕێکخراوا (PWJ)تێدا کاردکەت بەرپرسێ ڕێکخراوێ ل ئیراقێ گوت: ئەم دسەکتەرێن ئاڤەدانکرن ژ ساخلەمی ژ پەروەردە - ئاڤ وسولێن ژ وکارەب وگەلەک خزمەتکاریێن دی کار وخزمەتێ پێشکێش دکەین.سەبارەت ئەو خەلاتێ ڕێزگرتنێ یێ حکومەتا یابانێ پێشکێشی بەرێز کاوە سامی کری ناڤبری گوت: ل 20/2/2019کونسلێ گشتی یێ حکومەتا ژاپون ل هەولێرێ خەلاتێ ڕێزگرتنێ پێشکێشی من کر وبریارە ل 5/10/2019بەرپرسەکێ مەزن ژ وەزارەتا دەرڤە یا ژاپون بهێتە هەولێرێ وب فەرمی وی خەلاتێ ڕێزگرتنێ دەراسیمەکا تایبەت دا پێشکێشی من بکەت.



کۆڕێکی شیعری لە لقی 21

لەدرێژە ی چالاکییە هونەرییەکانی لقی **21** پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕۆژی **6**ی **10**، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی **21**، بۆنەی بەرز ڕاگرتنی دوو یادی مەزن، کە **61**مین ساڵوەگەڕی گەرانەوەی بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و هەروەها **26**مین ساڵیادی هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ باوەشی نیشتمان بوو، لە هۆڵی بارەگای لقی **21**، ڕێورەسمێکی شکۆی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڤالانی لق و ناوچە و مەکتەب و دەزگاکانی سەر بە لق بەڕێوەبرد، لەسەرەتای مەراسیمەکەدا (شێخ ستار عەوالانی) بەرپرسی لق، وتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە مێژووی خەبات و قۆناغەکانی تێکۆشانی بارزانی نەمر کرد ، دواتر هەڤالانی شاعیر کۆمەلێک بەرهەمی شیعریان بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە پێشکەش کرد و لە ناو ئاخنی شێعرەکانیاندا باسیان لە دامەزراندی ئەو ڕێبازە دەولەمەندەی کوردایەتی کرد کە بارزانی نەمر بۆ نەوەکانی نەتەوەکەمانی بونیات ناوە و خەبات و تێکۆشان لەسەری بەردەوامە.

